# بانگەوازی ئیسلامی لە زانکۆ و پەیمانگاکان



ئەسعەد صابر

ئەم بەرهەمە بەشێوەی ئەلیکترۆنی بڵاوکراوەتەوە

بسم الله الرحمن الرحيم

( وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ )الفصلت/33 ، واته:( جا کێ لەوکەسە جوان گوفتار وقسە بەجێترە کە بانگەواز دەکات بۆ لای خوداو ، پێشتریش کاروکردەوەی چاکی ئەنجامداوە ، وتوشیەتی بەراستی من لە ڕیزی مسوڵمانانم )

ت/ئاسان.

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم هەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە یارمەتیاندام لە

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم پەرتووکە.

## پێشکەشە بە

- بەو گەنجە خوێنگەرم و قوتابیە ژیرانەی کە بەربەستەکانی رێ نەبونەتە رێگر لەوەی شەو و رۆژیان بخەنە گەڕ بۆ بانگکردنی خەڵك بۆ لای خودا.
- بە گیانی پاکی کاکە محمدی برام کە لە پۆلی سێی ناوەندی لە لایەن رژێمی بەعسی سۆشیالیستی عێراق لە سێدارەدرا.

# تێبینی

لە ساڵانی 2008 –2009  لە گەڵ کۆمەڵێك قوتابی بەشداریمان کرد لە (گروپی بانگەواز) ، ئەم گروپە تایبەت بوو بە خوێندنی  زانستی بانگەواز (بانگەواز و هونەری بانگەواز) لە نوسینگەی هەولێری( ڕێکخراوی قوتابیانی کوردستان) ، دوای تەواو بوونی  قۆناغی یەکەم پێویست بوو هەر قوتابیەك ڕاپۆرتێك لەسەر لایەنێکی بانگەواز ئامادەبکات و پێشکەشی سەرپەرشتیارانی گروپەکەی بکات ، منیش وەکو قوتابیەکی ئەم گروپە هەڵسام بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك دەربارەی (بانگەوازی ئیسلامی لە زانکۆ) ، ئەم پەرتوکەی بەردەستت هەمان راپۆرتە کەپیشکەشی ئەم گروپەم کرد بەڵام دواتر و لەسەر داوای  چەند برایەك  و بەهۆی گرنگی بابەتەکە ، لە ساڵی 2013 هەڵستام بە پێداچونەوەی و چەند بابەتێکم لابرد و چەند بابەتێکم  بۆی زیاد کرد.

# پێشەكی

سوپاس و ستایش بۆ خودای پەروەردگاری جیهانیان ، درود و سڵاو لەسەر گیانی پاكی پەیامبەری خودا و ڕێنیشاندەری مرۆڤایەتی تا ڕۆژی دوایی.

خوێنەری بەرێز: خودای گەورە پەیامبەرانی ناردووە تاوەكو گەلەكانیان هۆشیاربكەنەوە و مرۆڤایەتی بانگ بكەن بەرەو ڕاستەڕێ ی ئیسلام ، بۆ ئەوەی لە گێژاو و ناخۆشی دونیا بۆ ئاسودەی و بەختەوەری ئیسلام بانگیان بكەن ، بۆ ئەوەی ڕزگاریان كەن لە بەندایەتی بەندە بۆ بەندایەتی و سۆز و بەزەیی خودای بەندەكان.

ئەم كاروانی پەیامبەرانەش بە هاتنی دوایین پەیامبەر موحەممەد(صلی الله علیه وسلم) كۆتای هات ، كە بەرنامەیەكی تێر و تەسەلی جێهێشتووە بۆ شوێنكەوتووەكانی ، بۆ ئەوەی لە دوای خۆی بەردەوامبن لەسەر

بڵاوکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی مرۆڤایەتی تاوەکو ڕۆژی دوایی ،کەواتە بانگکردنی خەڵك بۆ لای خودا بریتی یە لە پیشەی پەیامبەرانی خودا و باشترین و وەرگیراوترین کردەوەیە لای خودا.

پەیامبەرانی خودا و بانگخوازانی دوای ئەوان بە زانیاری و حیکمەتەوە بانگەوازی گەلەکانیان کردووە ، لەگەڵ هەر توێژێك ئامرازێکیان بەکارهێناوە ، لەگەڵ ئازار و کێشەی گەلەکانیان تێکەڵبوون و بوونەتە خەمخۆ و هەڵگری ئازاری گەلەکەیان.

لەم سەردەمەدا یەکێك لە توێژە هەرە کاریگەرەکان بریتین لە قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە بناغە و وزەو توانای کۆمەڵگان ، ئەوانن کە دوای چەند ساڵێکی تر کاروباری ئەم وڵاتە دەگرنە دەست ، ئەوانن پەروەردەکەری ڕۆڵەکانمان و هەڵسورێنەری گشت کایە گرنگەکانی ژیان.

بە تێڕوانینمان لە نەبوونی بانگەوازێکی کاریگەر لە زانکۆو پەیمانگاکان و بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ ئەنجامدانی بانگەواز ، هەروەها بە تێڕوانینمان لە کەمی سەرچاوەی بانگخوازی چ بە زمانی کوردی چ بە زمانی عەرەبی کە ببێتە ڕۆشنای بەردەم قوتابیانی بانگخواز و سودی لێ ببینن ، هەڵساین بە ئامادەکردنی ئەم پەرتووکە.

لە م پەرتووکە دا بە کورتی چەند لایەنێکی بانگەوازی ئیسلامیمان لە زانکۆ و پەیمانگاکان خستۆتە ڕوو ، بەکورتی و بەگوێرەی توانا ڕوونمان کردۆتەوە ، کارمان کردووە لەسەر ئەم سێ لایەنەی خوارەوە :

1- بانگەوازی ئیسلامی چییە؟ حوکم و گرنگی چییە؟ چۆن و بەکێ دەکرێت ؟

2- ئامراز و ڕێبازەکان و گرنگی بانگەوازی ئیسلامی لە زانکۆ و پەیمانگاکان چییە؟

3- پێشبینیەکان بۆ داهاتووی ئاینی پیرۆزی ئیسلام چین؟

بەو هیوایەم کە سودێك بگەیەنێت بە بەرەو پێشچونی کاروانی بانگەوازی ئیسلامی و ببێت بە خشتێك بۆ دروستکردنەوەی بینا رووخاوەکی بانگەوازی ئیسلامی لە زانکۆ و پەیمانگاکان ، هەروەها هیوادارم خودای گەورە لە توێشوی چاکەی قیامەتمان بینوسێت.

## پێناسەی بانگەوازی ئیسلامی :

بۆ باسکردن و زانینی پێناسەی هەر شتێك پێویستە لە دوو ڕووەوە پێناسەی بکەین:

یەکەم: لە ڕووی زمانەوانیەوە.

دووەم: لە ڕووی دەستەواژەوە

## یەکەم: بانگەوازی ئیسلامی لە ڕووی زمانەوانیەوە:

وشەی بانگەواز وەرگێردراوی وشەی (الدعوە) یە ، لە زمانی عەرەبی بە مانای بانگکردن یاخود ئاگادارکردنەوە دێت و هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشانانە دەگرێتەوە ، کە دەنرێن بۆ پێکانی ئامانجێکی دیاریکراو.

هەروەها (محمد امین حسین) لە پەرتوکی (خصائص الدعوە الاسلامیە) دەربارەی مانای وشەی (الدعوە) لە قورئان دەڵێت: وشەی (الدعوە) لە

قورئان بە چەندان مانا هاتووە بە لّام ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەمان هەیە ئەو دوو مانایە یە یەکەمیان گەیاندن و ڕونکردنەوە و دووەمیان ڕینوێنی خودا بۆ مرۆڤەکان . لەوانە

خودای گەورە دەفەرموێت:( وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ )الفصلت/33 ، واتە:( جا کێ لەوکەسە جوان گوفتار وقسە بەجێترە کە بانگەواز دەکات بۆ لای خوداو ، پێشتریش کاروکردەوەی چاکی ئەنجامداوە ، وتوشیەتی بەراستی من لە ڕیزی مسولّمانانم ) ت/ئاسان.

وە دەفەرموێت (قَالَ رَبِّ إِنِّي دَعَوْتُ قَوْمِي لَيْلًا وَنَهَارًا) نوح/5 ، واتە: ( دوای سەدەها ساڵ بانگەواز نوح سکالّای کرد ووتی : پەروەردگارا من بەشە و ڕۆژ باتگی قەوم و گەلەکەمم کرد ( بۆ یەکخواناسی و پارێزکاری ) ت/ئاسان.

هەروەها دەفەرمویت (قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَاْ وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللهِ وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ) يوسف/108، واته ( ئەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بڵێ: ئا ئەمە ڕێگەو ڕێبازمە: من و شوێنکەوتوەکانم بانگدەکەین بۆ لای خودای پەروەردگار لەسەر بنچینە و بناغەیەکی روون و ئاشکرا ، پاکی و بێگەردی بۆ زاتی پەروەردگارە من هیچ کات لە موشریك وهاوەڵگەران نیم ) ت/ئاسان. (1)

---

(1) تعريف الدعوة فی لغة (ئينتەرنێت)(كەلە (خصائص الدعوه الإسلاميه ، ص16) وەریگرتووە.

## دووەم: بانگەوازی ئیسلامی لە رووی دەستەواژەوە:

لە ڕووی دەستەواژەوە جیاوازی هەیە لەنێوان پێناسەی زانایان و بانگخوازان بۆ بانگەوازی ئیسلامی چونکە هەریەکە و لە گۆشەیەکەوە لە بابەتەکە دەروانن ، لێرەدا بەگوێرەی توانا بیرو ڕایی هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

لێکدەرەوەی قورئان (تەبەری) دەڵێت : بانگەواز بۆ لای خودا بریتیە ، لە بانگکردنی خەڵك چ بە زمان چ بە کردەوە. (1)

شیخی ئیسلام (ئیبن تیمیە) لەبارەی بانگەوازی ئیسلامیەوە دەڵێت: بانگەواز بۆ لای خودا بریتیە لە بانگەواز بۆ بڕواهێنان بە خوداو وپەیامبەرەکەی(صلی الله علیە وسلم) ، هەروەها بریتی یە لە بڕواهێنان بە ئەو پەیامەی بۆ پەیامبەرەکەی (صلی الله علیە وسلم) ناردوویەتی و گوێڕایەڵبوون و پابەندبوون بە فەرمانەکانیان. (2)

هەروەها (سيد محمد الوكيل) لە بارەی بانگەوازی ئیسلامیەوە دەڵێت: بانگەواز بۆ لای خودا بریتیە لە کۆکردنەوەیی خەڵك لە سەر چاکەو ڕێنوێنیکردنیان بۆ ڕۆشنایی و سەرفرازی و فەرمان پێکردنیان بە کردنی کاری چاکەو خۆ بەدوور گرتن لە کاری نارەواو خراپ.(3)

هەر دەربارەی بانگەوازی ئیسلامی ، زانای ئیسلامی (محمد غزالی) دەڵێت: بانگەواز بریتیە ، لە بەرنامەیەکی تەواو تیایدا هەموو پێویستیەکی مرۆڤەکانی تێدا ڕوونکراوەتەوە ، بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئامانجی لە ژیاندا. (4)

شێخ (محمد ڕاوی) دەڵێت: بانگەوازی ئیسلامی بریتیە لە ڕێکخستنی تەواوی خوڕەوشتی مرۆڤ و دیاریکردنی ئەرك و مافەکانی. (5)

هەروەها (محمد خدر حسين) دەڵێت: بانگەوازی ئیسلامی بریتیە لە ئاگادارکردنەوەی خەڵك بەرەو ڕۆشنای وچاکە ، و فەرمان بە چاکەو

ڕێگریکردن لە خراپە ، بۆ بەختەوەری و سەرکەوتنیان لە دونیا و دوا ڕۆژ.

(6)

---

(1) م.عەلی باپیر ، (بانگەواز بۆ لای خوا سبحانە و تعالی چی یە وچۆن و بەکێ وبۆچی دەکرێ ؟!) لا4

(2) التعريف بالدعوة اصطلاحاً (ئینتەرنێت) كەلە (مجموع الفتاوى لابن تيمية ج15/ 157) وەریگرتووە.

(3) التعريف بالدعوة اصطلاحاً (ئینتەرنێت) كەلە (أسس الدعوة وآداب الدعاء للدكتور السيد محمد الوكيل، ص9) وەریگرتووە.

(4) د.كمال محمد عبيد ، الدعوة: تصحيح المفهوم وبيان الحكم لا9.

(5) د.كمال محمد عبيد ، الدعوة: تصحيح المفهوم وبيان الحكم لا9.

(6) د.كمال محمد عبيد ، الدعوة: تصحيح المفهوم وبيان الحكم لا10.

مامۆستا (عەلی باپیر) دەربارەی پێناسەی بانگەواز لە پەرتوکی (بانگەواز بۆ لای خوا سبحانه و تعالی چی یە وچۆن و بەکێ وبۆچی دەکرێ ؟!) دەڵێت : بریتیە لە بانگکردنی خەلك بۆ پابەندی بە شەریعەتی خواوە.(سبحانه وتعالی) جا ئەگەر بێ بڕواو کافر بن بانگیان دەکەین بۆ بڕواهێنان ، ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دانەر بن بانگیان دەکەین بۆ خوا بەیەککگرتن ، وەئەگەر مسوڵمانی گوناهبار بن ، بانگیان دەکەین بۆ گوێڕایەڵی و فەرمانبەری بۆ خواو ، بانگیان دەکەین و لەسەرپێچی و لادان و تاوانکاری یەوە دەیانگوازینەوە بۆ فەرمانبەری و چاکە کاری وپارێزکاری ، بەڵام ئەگەر ئیمان و پابەندییان هەبێ لە خودی خۆیاندا ، بەڵام کەمتەرخەمیان هەبێ بەرامبەر بە ئیسلام و مسوڵمانان ، ئەوە بانگیان دەکەین بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و تێیان دەگەینین کە مسوڵمانێتی هەر ئەوە نیە کەلە زاتی

خۆتدا ئەنجامی بدەی ، بەڵکو دەبێ لە دەوروبەری خۆشتدا ڕەنگبداتەوە.

(1)

بۆیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەڵێین بانگەوازی ئیسلامی لە زانکۆ و پەیمانگاکان: بریتی یە لە کۆمەڵێك پرۆسێسی تیۆری و پراکتیکی دەنرێت بۆ ئاگادارکردنەوەو بانگکردنی گشت قوتابیانی زانکۆ لە کوڕان و کچان ، بۆ سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام و شارەزاکردن و پەروەردە کردنیان لە سەر بەرنامەی ئیسلام و هاندانیان بە ڕازاندنەوەی گشت لایەنەکانی ژیانیان، بە بەرنامەی ئیسلام لە بوارەکانی عەقیدە و ئەخلاقیات و معامەلات

(1) م.عەلی باپیر ، (بانگەواز بۆ لای خوا سبحانە و تعالی چی یە وچۆن و بەکێ وبۆچی دەکرێ ؟!) لا4

# گرنگی بانگەوازی ئیسلامی

قۆناغی زانکۆ و پەیمانگاکان ، قۆناغێکی گرنگە لەژیانی گەنجدا و قۆناغی یەکلاکەرەوەی زۆرێك لە بابەتەکانی تایبەت بە ژیانی تاکە ، لەم قۆناغەدا هەرکەسێك پێویستە بزانێ ، چی خەیرەو چی شەڕە؟ بەختەوەری لە چیدایە و نەهامەتی لە چیدایە؟

بۆیە مرۆڤ هەرچەندە زیرەك و بەتوانا بێت ، ئەوا هێشتا کەسێکی کامڵ نیە لەڕووی عەقڵ وژیریەوە و سنوری بیرکردنەوەی دیاریکراوە ، واتا ، ناتوانێت باشی و خراپی هەموو شتەکان لەیەك جیابکاتەوە به جۆرێك زۆرجار شتی خراپ هەیە لەبەرگی باشە نیشاندراوە ، هەروەها شتی باش هەیە لەبەرگی خراپ نیشاندراوە.

لەبەر ئەم هۆکارەیە ، خودای گەورە پەیامبەرانی ناردووە بۆ مرۆڤایەتی بۆ ڕزگارکردنیان لە گێژاوی تاریکیەوە بۆ ڕوناکی ئیسلام (رُّسُلاً مُّبَشِّرِينَ

وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا) النساء/ 165، واته(پێغەمبەرانمان (ڕەوانەكردووە) كە مژدەدەرن (بە ئیمانداران) و ترسێنەران بۆ(یاخیەكان) ، تا خەڵكی هیچ بەڵگەیەكیان بەدەستەوە نەمێنێت(لەسەر بێ دینی و یاخی بوونیان) دوای ئەوەی خودا پێغەمبەرانی بۆ ڕەوانەكردوون ، بێگومان هەمیشە و بەردەوام خودا باڵادەست و دانایە) ت/ئاسان.

كاروانی پەیامبەرانیش بە ناردنی دواین پەیامبەر ، كە موحەممەدە (صلی الله علیه وسلم) كۆتایهات تاكە ڕێگەش بۆ بەردەوامبون و گەیاندنی پەیامی دوا پەیامبەر بە خەڵك بریتی یە لە بانگەواز كردن بۆ ئەو پەیامە.

هەروەها ، لە ئەنجامی دوركەوتنەوەمان لە پەیامی خودا و حوكم نەكردن بەوەی خودا ناردوویەتی و ڕوخان و لاوازبوونی شارستانیەتی ئیسلامی ، دەبینین ژیانی خەڵك بۆتە ژیانێكی ماددی وشك و بەتەواوی داڕنراوە لە

هەموو بەهایەکی ڕۆحی، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر سلوکی ڕۆژانەی خەڵك دەبێت وچەندان کێشەی ئەخلاقی ، ڕۆحی ، کۆمەڵایەتی ، سیاسی وئابووری ڕوی لە ژیانی خەڵك کردووە ، چارەسەرکردی ئەم کێشانە تەنها بە گۆڕینی سەرکردایەتی جیهان لەم هێزە مادیەی کە دەستی بەسەرداگرتووە بۆ دینی خودا دەبێت ، ئەمەش والە مسولمانان دەکات هەولی رزگارکردنی خەلك بدەن.

(سەید قوطب) لە پێشەکی پەرتوکی(بەداڕوخانی مسولمانان جیهان چ زیانێکی لێکەوت)ی ئەبوو حەسەنی نەدوەی دا دەڵێت: ئیسلام وا لە مسولمانان دەکات کە هەستێکی ئامۆژگاری کەرانەیان هەبێت لە بەرامبەر رۆژهەڵات وڕۆژئاوای جیهان ، هەروەها سروشتی سەرکردایەتیان هەبێت بەسەر زەویدا بۆ بنەبڕکردنی تاریکی ونەزانین تیایدا ، و ڕینوێنی کردنی خەڵك بەرەو ئاینی و ڕێگەی ڕاست و دەرهێنانیان لە تاریکی بەرەو ڕوناکی

ئەویش بەهۆی ئەم قورئانەی کە بۆی ناردوون: (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُونَ )ال عمران/110 ، واتە((بەڕاستی) ئێوە چاکترین ئوممەتێکن کە (بۆ سوودی) خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە ، چونکە فەرمان بەچاکە دەدەن و قەدەغەی خراپە دەکەن و باوەڕی دامەزراوتان بە خوا هێناوە ، خۆ ئەگەر خاوەنانی کتێب باوەڕیان بهێنایە (بە ئاینی ئیسلام) ئەوە چاکتر بوو بۆیان هەیانە ئیماندارن ، بەڵام زۆربەیان گوناهبار و تاوانکارن) ت/ئاسان ...

( وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيداً )البقرة 143 ، واتە (بەو شێوەیەش ئێوەمان بە گەلێکی میانڕەو گێڕاوە(لە هەموو ڕوویەکەوە ، لە ڕووی عیبادەت و خواپەرستیەوە ، لە ڕووی دونیاو قیامەتەوە ، لە ڕووی داخوازیەکانی ڕۆح و نەفسەوە...هتد) تابنە شایەت بەسەر خەڵکیەوە(تا بزانن ئەم ئاین و

بەرنامەیە هەمووی مایەی خێرو سەربەرزیە بۆ تاك و کۆمەڵ لە هەموو سەردەمێکدا و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا) و بۆ ئەوەی پێغەمبەریش (لە هەموو ئەو بوارانەدا مامۆستا و ڕابەری ئێوەبێت و لە ڕۆژی قیامەتدا) شایەتی دات (بۆ دڵسۆزانی ئوممەتی لەسەر ئەوەی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون) ) ت/ئاسان.(1). ڕەبعی کوڕی عامر) لە کاتی بانگکردنی کیسرا بۆ مسولمانبوون تەواوی گرنگی بانگەوازی ئیسلامی لە ڕستەیەکدا ڕوونکردەوە ، کاتێك لە وەڵامی کیسرادا وتی: ئێمە هاتووین بۆ دەرهێنان و ڕزگارکردنی بەندە لە بەندایەتی بەندە بۆ بەندایەتی خودای بەندە ، وەلە تەنگەتاوی و ناخۆشی دونیا بۆ فراوانی ڕۆژی دوای ، وەلە ستەمی ئاینەکان بۆ دادی ئیسلام.

---

(1). أبو الحسن علي الحسني الندوي ، ماذا خسر العالم؟ بانحطاط المسلمين لا2

(2). د.سيد بن حسين العفانى ، صلاح الامة فى علو الهمة لا 5.

# پلەو پایەی بانگەوازی ئیسلامی و بەروبومەکانی ، زانکۆ و پەیمانگاکان وەك نموونە:

خودای گەورە هیچ شتێکی بێ مەبەست بەدینەهێناوە ، پلەو پایەی شتەکە لە گەورەیی مەبەستەکە دایە ، مەبەست لە دروستکردن و بەدیهێنانی گەردوون بەو گەورەیی و زۆریە بریتی یە لە ئەنجامدانی بانگەوازی ئیسلامی ، محمد فتح اللە گولن لە پەرتوکی (گرق الارشاد فی الفکر والحیاە) بە تەواوی ئەم بابەتەی ڕونکردۆتەوەو دەڵێت ( مەبەست لە دروستکردنی بونەوەر فەرمان کردن بەچاکەو ڕێگریکردنە لە خراپە ، خودای گەورە کۆشکی گەردونی کردۆتەوە لە پێناوی ئەم پیشە بەرز و پیرۆزە ، پێدانی پلەی جێنشینی بە مرۆڤ لەم کۆشکە هەر بۆ ئەم مەبەستە بوو ، لەبەر ئەم هۆیە بوو خودای گەورە زنجیرەی پەیامبەرانی دامەزراند ، تیایدا گەورەمان ئادەم (سلاوی خوای لەسەر) یەکەم مرۆڤ و یەکەم نێردراوی خوا بوو

لەسەر ڕووی زەوی ، کاتێك ڕۆڵەکانی چاویان هەڵهێنا باوکیان بینی لەبەردەمیان فەرمانی بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەکرد...

بەم شێوەیە مرۆڤایەتی دروست بوو بە پەیامبەرایەتی دەستی پێکرد ، لە ئەنجامدا داری پەیامبەران سەروەری مرۆڤایەتی بەرهەمهێنا ، کە گەرددون لە پێناوو ئەو دروستکرابوو.

گومانی تێدا نیە مەبەستی نێردرانی پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) بریتی بووە لە بانگەواز بۆ لای خوداو گەیاندن و ڕێنوێنی ، ڕۆح و ناوەڕکی بانگەوازیش بریتی یە لە فەرمان بەچاکەو ڕێگری لە خراپە..)

بەڵێ خوێنەری بەڕێز: بەم شێوەیە مرۆڤایەتی دەستی پێکرد ، سەرەتای پەیامبەران ئادەم (سەلامی خوای لەسەربێت) بوو دوای ئەویش پەیامبەرانی تری بەدوادا هات تا گەیشتە دواین پەیامبەر کە محمد(صلی الله علیه

وسلم) ه ، ئەوەش سەلمێنراوە کە هەر کاتێك ناردنی پەیامبەران دواکەوتبێت خەڵك ڕویان وەرگێڕاوەو زیاتر بەرەو بێ دینی ڕۆیشتون.

کاتێك رەوانەکردنی پەیامبەران لەلایەن خوداوە کۆتای دێت بەناردنی کۆتا پەیامبەر کە موحەممەدە (صلى الله عليه وسلم) و دواین پەیامی ئاسمانی بۆ دەنێرێت ، ئەوا پێویستە مسوڵمانان هەڵسن بە بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندنی ئەم پەیامە، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لە گێژاوی نەزانین دەربێنن بەرەو ڕۆشنای و ڕوناکی ئیسلام .

کەواتە بانگەوازی ئیسلامی شەرەف و ئەرکێکی بەرزو گەورەیە بۆ ئەوانەی بەئەنجامدانی هەڵدەستن ، ( وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ) السجدة/24

واتە(دوای ساڵەها (ڕەنج و زەحمەت) نەوەی ئیسرائیل خۆگری و ئارامیان کردە پیشەیان ئێمەش کردمانن بە پێشەواو دەسەڵاتمان پێبەخشین ، ئەو کاتە

دڵنیای و بڕوایەکی تەواویان هەبوو بە ئایەتەکانی ئێمە (شایستەی ئەو ڕێزەبوون)) ت/ئاسان.

هەروەها دەفەرمویێت :( وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ )الفصلت/33 ، واتە:( جا کێ لەوکەسە جوانگوفتار وقسەبەجێترە کە بانگەواز دەکات بۆ لای خوداو ، پێشتریش کاروکردەوەی چاکی ئەنجامداوە ، وتوشیەتی بەراستی من لە ڕیزی مسوڵمانانم)ت/ئاسان.

شیخ (حەسەنی بەسری) لەبارەی ئەم ئایەتە دەڵێت ( ئەمە خۆشەویستی خودایە ئەمە وەلی خودایە ئەمە چاکەی خودایە بۆ بەندەکانی).

پەیامبەری خوداش (صلی الله علیه وسلم) بەڵێنی بەبانگخوازان داوە کە (فوالله لأن يهدي الله بك رجلا واحدا خير لك من أن يكون لك حمر

النعم )رواة المسلم ، واته: (سوێند بەخوا ئەگەر خودا یەك كەس بە هۆیی تۆوه ڕێنوێنی بکات باشترە بۆ تۆ لە وشتری سور)

کەسی بانگخواز پاداشتی خۆی وەردەگرێت هەرچەندە ئەگەر خەڵك گوێشی بۆنەگرێت خۆ ئەگەر خەڵك گوێیان لە بنگەوازەکەی گرت و پابەندبوون بە بانگەوازەکەیەوە ئەوا پاداشتی ئەنجامدانی کردەوەکانی بانگکراو هەروەها ئەوانەی کە لەسەر دەستی بانگکراو چاکە ئەنجامدەدەن چەندە هەمان پاداشت بۆ بانگخواز دەچێت تاکو ڕۆژی دوایی هەر چەندە ئەگەر ژمارەی بانگکراوان لە هەزارانیش تێپەربکات.

هەروەکو ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە لە پەیامبەر کە فەرمویەتی (من دعا الی الخیر کان له من الاجر مثل اجور من تبعه لا ینقص ذلك من اجورهم شیئا) ( هەر کەسێك بانگەواز بکات بۆ لای چاکە ، ئەوا هەمان

پاداشتی ئەوکەسەی هەیە کە دوای دەکەوێت ، بێ ئەوەی هیچ لە پاداشتەکەی کەم بکات)

# بەکورتی پلەو پایەو بەروبومەکانی بانگەواز لە چەند خالێك دەخەینە ڕوو:

1-بانگەواز گویڕایەلی کردنی خوداو پەیامبەرەکەیەتی.

2- بانگەواز دلنیاییە لە بەلێنی خودا.

3- بانگەواز هۆکاری مانەوەی ئومەتی ئیسلامیە.

4- بانگەواز بەپێشەنگ دانانی پەیامبەران و نێردراوانی خودایە.

5- بانگەواز بەرزڕاگرتنی دینی خودا یە.

6- بانگەواز ڕێگری لە دوژمنانی دینی خودایە لە بلاوکردنەوەی ئارەزوبازی و شبهات

7- بانگەواز دژایەتی کردنی پیلانی شەیتانەکان و فێلەکانیانە

8- بانگەواز ڕزگارکردنی قوربانیانی تەقلید و چاولێکەری کوێرانە و هۆکارێکە بۆ رزگاربوونی خەڵك لە تاریکی بۆ ڕووناکی ئیسلام

9- پەیامبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت (رێنوینی بونی کەسێك لەسەر دەستی تۆ لە دونیاو ئەوەی تیایدایە باشترە)

10-بانگەواز بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤی بڕوادار چاکەی دەوێت بۆ کەسانی تر.

11- هیچ کارێك لە بانگەواز بۆ لای خودا باشتر نیەو بریتیە لە چاکترین وتە(احسن القول)

12- بانگەواز دەبێتە هۆیی دابەزینی بەزەیی و سۆزی خودا بۆ کەسانی بانگخواز و رزگاربوونیان لە فیتنەو ئاشوب (فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِ أَنجَيْنَا الَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ السُّوءِ وَأَخَذْنَا الَّذِينَ ظَلَمُواْ بِعَذَابٍ بَئِيسٍ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ) الأعراف/165، واتة(جا کاتێك فەرامۆشیان کرد

ئەوەی ئامۆژگاریان پێی کرابوو، ئێمەش ئەوانەی کە قەدەغەی خراپەیان دەکرد ڕزگارمان کردن و ئەوانەش کە ستەمیان کرد و هەوڵیاندا بۆ کردنی ئەوکارە نارەوایە، بەسزایەکی سەخت گیرۆدەمان کردن، بە هۆی ئەوەی لەسنوور دەرچوو بوون).

13- بانگەواز نەهێشتنی بیانووی بانگکراوە لە بڵاوکردنەوەی دینی خودا

(رُّسُلاً مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا) النساء/165، واته(پێغەمبەرانمان (ڕەوانەکردووە) کە مژدەدەرن (بە ئیمانداران) و ترسێنەران بۆ(یاخیەکان) ، تا خەڵکی هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نەمێنێت(لەسەر بێ دینی و یاخی بوونیان) دوای ئەوەی خودا پێغەمبەرانی بۆ ڕەوانەکردوون، بێگومان هەمیشە و بەردەوام خودا باڵادەست و دانایە) ت/ئاسان.

14- بانگەواز هۆکارە بۆ چەسپان و مانەوەی ئەمەتی ئیسلامی لەسەر رووی زەوی.

15- بانگەواز هۆکارێکە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەمن ودلنیایی لە ناو زانکۆ و پەیمانگاکان و ڕێگایەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوان و ریگەگرتن لێی، چونکە کەسانی پابەند بە ئاین دوورن لە تێکدانی ئارامی زانکۆ ، دروستکردنی کێشە لە گەڵ مامۆستا ، شەر ، جوێندان، هەڵسوکەوتی ناشیرین، تانەدان لە ڕەگەزی بەرامبەر و بەدواکەوتنی کچان .

16- کۆمەڵگایەك بانگخوازی تیابێت خودای گەورە دەیپارێزێت لە بەڵای ئاسمان و زەمین ، هەرچەندە ئەگەر ژمارەشیان کەمبێت ، وەکو لە ئیسرائیلیات هاتووە کە خودای گەورە بۆیە قەومی لوتی لەناو برد چونکە کەسی بانگخوازیان تیا نەبوو، هەرچەندە کەسانێکی زۆریان تیابوو کە خوداپەرست بوون بە لام کورد وتەنی کلاوی خۆیان گرتبوو با نەیبا.

**17- ئیمامی ئیبن قەییم دەربارەی گەورەی بانگەوازی ئیسلامی دەفەرموویێت( پایەی بانگەواز بۆ لای خودا رێزدارترین پایەی پەرستنە)**

**کەواتە، قوتابی خۆشەویست بۆ تۆ سەربەرزی وشەرەفە و مایەی بەختەوەریتە ،لە رۆژی دوایی شوێنکەوتەی پەیامبەر بیت، بانگەواز بکەی بۆ رێگەی راست و ئەنجامدانی کاری چاکەو دورکەوتنەوە و گۆڕانکاری خراپە ، دەستت هەبێت لە ریگەگرتن لەو دارمانە زانستی و ئەخلاقیەی لە زانکۆ و پەیمانگاکان روو دەدات، بۆیە لەکاتی ئەنجامدانی ئەو کردەوانە و بانگەواز بۆ لای خودا کارەکەت پێ کەمنەبێت و نا ئومێد مەبە بەڵکو بڵێ(من لە مسوڵمانانم).**

# حوكمی بانگەوازی ئیسلامی لە زانكۆ و پەیمانگاكان

لەسەردەمی هاوەڵانەوە ،تاوەكو ئەم سەردەمە زانایان هاوڕان لەسەر ئەوەی بانگەوازی ئیسلامی واجبە ، بەڵام ڕاجیان لەسەر جۆری واجبەكە ئایا واجبی عەینە؟ (1) یاخود كیفایەیە؟ (2) .

هەوادارانی هەر ڕایەكیش بەڵگەیان هەیە لەسەر دروستی ڕایەكانیان؟ لێرەدا بۆ ڕونكردنەوەی حوكمی بانگەوازی ئیسلامی بەڵگەكانیان دەخەینە ڕوو.

بەڵگەی ئەوانەی كە دەڵێن بانگەوازی ئیسلامی حوكمەكەی واجبی عەینە:-

خودایی گەورە دەفەرمویێت(كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُم مِّنْهُمُ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمُ الْفَاسِقُ) ال عمران/110

واتە: واتە((بەڕاستی) ئێوە چاکترین ئوممەتێکن کە (بۆ سوودی) خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە، چونکە فەرمان بەچاکە دەدەن و قەدەغەی خراپە دەکەن و باوەڕی دامەزراوتان بە خوا هێناوە، خۆ ئەگەر خاوەنانی کتێب باوەڕیان بهێنایە (بە ئاینی ئیسلام) ئەوە چاکتر بوو بۆیان هەیانە ئیماندارن، بەڵام زۆربەیان گوناهبار و تاوانکارن) ت/ئاسان ...

ئەم فەرمودەیە بەبەڵگە دەهێننەوە بۆ سەلماندنی ڕایەکەیان کە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: (من رأى منكم منكرا فليغيره بيده ، فإن لم يستطع فبلسانه ، فإن لم يستطع فبقلبه ، وذلك أضعف الإيمان) رواه مسلم ،واتە: (ئەگەر یەکێك لە ئێوە کارێکی ڕێپێنەدراوی بینی ئەوا با بە دەستەکانی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی ئەوا با بە زمان بیگۆڕێت، وەئەگەر هەرنەیتوانی ئەوا با بە دڵ پێیناخۆشبێت کە ئەمەش کەمترین خاڵی ئیمانە).

چونکە وشەی (من) لە دەستەواژە گشتیەکانەو دەبێتە حوکمێکی گشتی، هەروەها (فلیغیرە)سیغەی ئەمرە و ئەمریش بۆ واجب بوونە ئەوە دەگەیەنێ کە گۆرینی خراپە بە دەست یان بە زمان واجبە.

(1) واجبی عەین:لەسەر هەموو تاکێکی مسوڵمانی عاقڵی باڵغ پێویستە کە ئەنجامی بدات ،و بە ئەنجامدانی لەلایەن کۆمەڵێك لەسەر ئەوانی تر لاناچێت،بۆیە بە ئەنجامنەدانی گونەهبار دەبن.(الوجیز للدکتور عبدالکریم زیدان ص 36)

(2) واجبی کیفایە: لەسەر هەموو تاکێکی مسوڵمانی عاقڵی باڵغ پێویستە کە ئەنجامی بدات ،بەڵام ئەگەر کۆمەڵێك لە مسوڵمانان بە ئەنجامدانی هەڵسان و بێ کەموکوڕی ئەنجامیاندا ئەوا لەسەر ئەوانی تر لادەچێت. .(الوجیز للدکتور عبدالکریم زیدان ص 36)

# بەڵگەی ئەوانەی دەڵێن بانگەوازی ئیسلامی حوكمەكەی واجبی كیفایەیە

خودای گەورە دەفەرموویت :( وَمَا كَانَ الْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةً فَلَوْلاَ نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي الدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُواْ إِلَيْهِمْ لَعَلَّهُمْ يَحْذَرُونَ) التوبة/ 122 ، واتە (جا ڕەوا نیە هەرچی ئیمانداران هەیە بە جارێك بچن بۆ غەزا( یان بۆ هەركارێكی پێویست) ، دەی بۆچی لە هەر هۆز و دەستەیەك، كەسانێك ناچن بۆ خوێندن تا شارەزابن لە ئایین تێبگەن و فێربن و پاش گەڕانەوە قەومەكەشیان تێبگەیەنن و فێریان بكەن، بۆ ئەوەی ئەوان هۆشیار ببنەوە خۆیان بپارێزن لە گوناهو خوا لە خۆ نەڕەنجێنن ) ت/ئاسان.

ئەوانەی  پشتگیری لەم ڕایەدەكەن پێیانوایە كە بەهۆی ئەوەی فەرمانكردن بە چاكەو ڕێگری لە خراپە پێویستی بە زانست و زانیاری  و لێوەشاوەیی و

چەندان تایبەتمەندی تر هەیە، ئەوەش لەهەموو کەسێك دانیە، بۆیە لەسەر ئەو کەسانەی کە تایبەتمەندیەکانیان تێدایە واجبە و ئەگەر هەڵسان بە ئەنجامدانی ئەوا گوناهەکە لەسەر ئەوانی تر لادەچێت.

هەروەها لایەنگرانی هەردوو ڕایەکە ئەم ئایەتە بەبەڵگە دەهێننەوە: ( وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ) آل عمران/104، واتە (پێویستە لە ئێوە ئومەتێك پێك بێت، یاخود با هەمووتان ئومەتێك بن کە بانگەواز بکەن بۆ خێر و چاکە، فەرمان بدەن بە هەموو کارێکی باوو دروست، قەدەغەی هەموو نادروستیەك بکەن، ئائەوانە هەر سەرفرازن) ت/ئاسان.

لایەنگرانی ڕای یەکەم دەڵێن وشەی (من) لەم ئایەتە بۆ (بیان والتبيين) بە لام لایەنگرانی ڕای یەکەم پێیانوایە وشەی (من) بۆ (تبعيض)، هەروەکو لە تەفسیری سەرەوە هەردوو ماناکە ڕونکراوەتەوە.

لە نێوان زانایانی ڕای یەکەم و ڕای دووەم چەند خاڵێکی هاوبەش هەیە کە لێرەدا بەشێکیان دەخەینە ڕوو:

هەردوو ڕەئیەکە لەگەڵ ئەوەن کە بانگەوازی ئیسلامی واجبە وئەوانەی کە ڕایان لەگەل واجبی کیفایەیە لەگەڵ ئەوەن ئەگەر کۆمەڵێك نەبن بەتەواوی ئەنجامی بدەن ئەوا گوناهەکە بۆ هەموو مسوڵمانانە.

هەردوولا لەگەڵ ئەوەن کە ئەو کەسەی هەڵدەستێ بە بانگەوازی ئیسلامی ئەوا پێویستە خاوەنی زانست و زانیاری بێت .

# ڕایی چەند زانایەك لـەسەر حوکمی بانگەوازی ئیسلامی دەخەینە ڕوو

شێخی ئیسلام (ئیبن تەیمیە(رەحمەتی خودای لێبێت)) دەڵێت:

بانگەواز بۆلای خودا واجبە لـەسەر هەموو مسولـمانێکی شوێنکەوتەی پەیامبەر (صلى الله علیه وسلم)، بەڵام واجبی کیفایەیە، واتە ئەگەر هەموو خەڵك پێی هەڵنەستان لـەسەر بەشێك لە خەڵکەکە کە توانایان هەیە واجبە، ئەویش فرمان بە چاکەو ڕێگری لـەخراپەو گەیاندن وبانگەوازکردن بۆ ئەو پەیامەی بۆ پەیامبەر (صلى الله علیه وسلم) هاتووە وتێکۆشان لـە ڕێگەی خوداو فێربوونی ئیمان و قورئان دەگرێتەوە.(1)

شێخ (محمد عبدالوهاب) بەیەکێك لـەبنەما سەرەکیەکانی مسولـمانەتی دادەنێت و لە سەرەتای پەرتوکی (اصول الثلاثة) دەفەرموویت:

اعلم رحمك الله أنه يجب علينا تعلم أربعِ مسائلَ[1]:

الأولى: العلم، وهو معرفة الله، ومعرفة نبيه، ومعرفة دين الإسلام بالأدلة.

الثانية: العمل به.

الثالثة: الدعوة إليه.

الرابعة:الصبر على الأذى فيه.

والدليل قوله تعالى -بسم الله الرحمن الرحيم-: (وَالْعَصْرِ (1) إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ (2) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ )[العصر:1-3].

واتە: بزانە ڕەحمەتی خودات لێبێت، پێویستە چوار بابەت بزانین:

یەکەم: زانست، بریتیە لە ناسینی خودا وپەیامبەرەکەی و ناسینی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەبەڵگەوە.

دووەم: کارکردن پێی.

سێیەم: بانگەواز بۆی.

چوارەم: ئارامگرتن لە سەر ناخۆشیەکانی

---

(1). عبدالرزاق بن عبدالمحسن البدر، مكانة الدعوة الى اللة، لا 20.

ئەویش بە بەڵگەی سورەتی (العصر) کە خودای گەورە دەفەرموویێت (وَالْعَصْرِ (1) إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ (2) إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ(3) ) ( سوێند بە زەمانە، سوێند بەکاتی عەسر، بەڕاستی ئادەمیزاد لە زەرەرمەندی و خەسارەتمەندیدایە، بێجگە لەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کارو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە و ئامۆژگاری یەکتریشیان کردووە کە هەمیشە پابەندی حەق بن (پابەندی حەقیش پێویستی بە خۆگری هەیە) ، لەبەر ئەوە بەردەوام ئامۆژگاری یەکتریان کردووە تا هەمیشە و بەردەوام، خۆگرو ئارامگریش بن) ت/ئاسان.(1)

هەر لەو بارەوە زانا و فەیلەسوفی پایەبەرزی ئیسلامی تورك نەتەوە (شێخ محمد فتح الله گولن) دەڵێت (لەگەڵ ئەوەی بانگەواز لە کاتی ئاسایی دا فەرزی کیفایەیە، بەڵام چونکە لەم ڕۆژگارەماندا بانگەواز لەم بابەتانەیە

كە پشتگوێ خراوە بۆیە پلەی فەرزترین فەرزی وەرگرتووە، كەواتە نابێت بە هیچ شێوەیەك ئەم بابەتە پشتگوێ بخرێت.

ئەگەر كەسێك مرد و ئەم پیشەیەی پشتگوێ خستبوو ئەوا ترسی نیفاقی لەسەرە، چونكە كارێكی گرنگی واز لێهێناوە كەلە فەرائیزە كەسیەكان زۆر گرنگترە). (2)

هەروەها شێخ (عەبدولعەزیز ئیبن باز (رەحمەتی خودای لێبێت)) دەڵێت: زانایان لەگەڵ ئەوەن كە بانگەواز بۆ لای خودا لەو شوێنانەی كە كۆمەڵێك پێی هەڵدەستن حوكمەكەی فەرزی كیفایەیە ، بەئەنجامدانی لەلایەن كۆمەڵێك خەڵك ئەوا گوناهەكەی لەسەر باقی خەڵك لادەچێت و دەبێتە سونەتێكی موئەكەدە.

بەڵام ئەگەر کۆمەلیێك لەم شوێنە یاخود هەرێمە هەڵنەستان بە ئەنجامدانی بانگەواز بۆ لای خودا و کەم وکوڕی هەبوو لە بانگەوازەکەیان، ئەوا هەموو خەڵکەکە گوناهبار دەبن .

بۆیە پێویستە هەرکەسەو بەگوێرەی توانا هەڵسێ بە بانگەوای خەڵك بۆ لای خودا. هەروەها دەڵێت: لەبەر ئەمەیە حوکمی بانگەواز بۆ شوێنێك و کۆمەڵێك لە مسولڵمانان بریتیە لە فەرزی کیفایەو بۆ شوێن و کۆمەلێکی تر فەرزی عەینە و بۆ شوێن و کۆمەڵێکی تر سونەتی موئەکەدەیە.(3)

بۆیە بە ڕوانینمان لەم سەردەمە و لە بارودۆخی زانکۆ و پەیمانگاکان و بڵاو بونەوەی فەساد و ئیلحاد و دارِمانی ئەخلاقی کۆمەڵگا و بەدرۆخستنەوەی پەیامی پەیامبەران و بڵاو بونەوەی بانگەوازی نەسرِانی لەزۆربەی پێگەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتیش لە زانکۆ و پەیمانگاکان کە نەیارانی پەیامی ئیسلام کردوویانەتە هۆکاری سەرەکی خۆیان بۆ دژایەتی

کردنی بیرو باوەڕ و ئەخلاقی ئەم میللەتە، و بەردەوام هەوڵی لەرێلادانی قوتابیان وگەنجان دەدەن ئەویش بە دانانی پرۆگرامی دژ بەدین و هاندانی قوتابیان بۆ دورکەوتنەوە لە ئاین و ڕەوشتە باڵاکانی کۆمەڵگە.

---

(1). محمد بن عبدالوهاب ،اصول الثلاثة ص

(3). محمد فتح اللة كولن، طرق الارشاد ص177.

(3). عبدالرزاق بن عبدالمحسن البدر، مكانة الدعوة الى اللة ص22.

بەهۆی ئەوەی کە دوژمنانی خودا بە هەموو شێوە و هۆکارێك هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ ڕێگە گرتن لە بڵاوبونەوەی دینی خودا و هەوڵی بڵاو کردنەوەی شك وگومان دەدەن تیایدا، بۆیە واجبە لەسەر مسولمانان بەر لە و هەوڵانە بگرن و ڕووبەڕوی ببنەوە بە ئەنجامدای چالاکی ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئیسلامی و هەڵسن بە بانگکردنی خەڵك بۆ لای خودا بە هەموو هۆکارو ڕێگایەکی شەرعی گونجاو.

هەروەها گەر لە بارو دۆخی بانگەوازی ئیسلامی و ئەوانەی بەم کارە هەڵدەستن لە جیهان بڕوانین ئەوا دەبینین کە بانگەوازی ئیسلامی وەك تاکێکی نەخۆشی لێهاتووە و پڕیەتی لە کەم وکوڕی، هەر لەکەمی و بێتوانایی بانگخوازان و ئەو هۆکارانەی گرتویانەتە بەر و پارچە پارچە بونی بانگخوازان و بێئاگاییان لەیەکتر و زۆربوونی ڕاجیایی لە نێوانیان.

کوردستانیش بێبەش نیە لەم کەم وکوڕیانەی لە بانگەوازی ئیسلامی هەیە بەهۆی نەبونی ئامرازی تایبەت و نەبوونی کەسی شارەزا و دابەشبونی بانگخوازان بۆ چەند لایەنێك، و نەبونی دەزگایەکی یەکگرتووی بانگخوازی بۆتە هۆی بوونی چەندان گروپ و هەندێکیان بونەتە قورسایی بەسەر بانگەوازی ئیسلامی دا.

# بۆچی بانگەواز لە زانکۆ و پەیمانگاکان

زانکۆ و پەیمانگاکان بنکەی مەعریفی و زانستی کۆمەڵگان و بونەتە سەرچاوەی پێشکەوتنی شارستانیەتەکان، هەروەها بریتیە لە قۆناغی وەرگرتنی زانیاری ورۆشنبیری.

زانکۆ و پەیمانگاکان سەنگەرێکن، بۆ سەرهەڵدانی ڕۆشنبیری و بە پراکتیکە کردنی بیرۆکەکان و سەرەتای قۆناغی نوێی کۆمەڵایەتیە، بۆیە ئەگەر ئەم ژینگەیە پاك بوو، ئەوا ئومەت ئاسودە دەبێت لە ژێر سەرکردایەتی ئەم نەوەیە و دایکان و باوکانێکمان بۆ بەرهەمدێت کە نەوەکانی داهاتوو بە باشترین شێوە پەروەردە دەکەن.

مرۆڤ لەم قۆناغە دا، زۆرترین پێویستی بە چاودێری و ڕێنوێنی هەیە، بۆ دۆزینەوە و بەردەوامبوون لە سەر ئەو ڕێبازەی گرتویەتیەبەر و ئەو پەیامەی

هەڵی گرتووە، بەردەوام پێویستی بە ڕێنوێنیە بۆ ئەوەی لە و دەریای تاوان و بیٚ دینیە کەمترین شەپۆڵی بەرکەوێت.

لەم سەردەمەدا، نەتەوەی ئیسلام بەگشتی و گەنجان و قوتابیان بەتایبەتی بە بارو دۆخێکی تایبەتدا تێدەپەرن، کە هەرگیز لەوەو پێش بارودۆخی لەم شێوەیان نەبینیوە، محمد قتب لە پێشەکی پەرتوکی (چۆن بانگەوازی خەڵك بکەین؟) رونی کردۆتەوە کە دەتوانین ریٚك لە سەر دۆخی زانکۆ و پەیمانگاکاندا بیچەسپێنین. (ئەمرۆ نەتەوەی ئیسلام بەبارو دۆخێکی تایبەتدا تێدەپەرێت، کە لەوانەیە لەوەپێش پێیدا تێنەپەرییێت ئێستا ئەم نەتەوەیە زانیاری بەرامبەر ئیسلام بە جۆرێك دابەزیوە کە لە مێژووی ئەو ئاینەدا بیٚ وێنەیە، مومارەسەکردنی بۆ ئیسلام زۆرتر لەوە دابەزیوە) ....

دۆخی قوتابیان و گەنجان بە جۆرێکە کە هەرگیز لەم جۆرە لەوەو پێش رووی نەداوە، لێرەدا بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی بابەتەکەمان چەند نمونەیەك

دەخەینە روو کە لەوانەیە هەریەك لە ئێوە چەندان نمونەی تر لابێ بۆ ڕونکردنەوەیان.

1- رۆژانە چەندین کاتژمێر لە کافتریاو سەر شەقامەکان بەسەر دەبەن، بەڵام کاتێك بانگ دەدات ئامادەنین دە دەقیقە بچن بۆ مزگەوت و نوێژەکانیان بکەن.

2- رۆژانە چەندان پەرتوکی شیعر و چیرۆکی دڵداری دەخوێننەوە، بە لام بۆ ماوەی یەك دەقیقەش ئامادەنین سەیری دێرەکانی قورئانی پیرۆز بکەنن.

3- رۆژانە کاتەکانی بە سەیرکردنی فەیسبووك و پێگە بێ سودەکان دەباتەسەر و شەوانەش، تا بەرەبەیان خەریکی دۆزینەوەی هاورێیە لەسەر فەیسبوك ، بەڵام کاتێك بەیانی دەبێت کاتی نیە نوێژی بەیانی بکات.

4- قوتابیان ئەوەندەی بەداداچون بۆ هەواڵە وەرزشیەکان دەکەن و رۆژانە کاتەکانیان بە باسکردنی باشترین یاریزان و جوانترین گۆڵ دەبەنەسەر، بە

لّام بێئاگان لە هەواڵ و باروودۆخی مسولّمانان لە جیهان، کە رۆژانە چەندان گۆلّیان لێدەکرێت.

5- قوتابیان ئەوەندەی شارەزای ژیانی یاریزانان ومێژووی تۆپی پێ و گۆرانیبێژانن، ئەوەندە شارەزایی مێژووی ئیسلام و ژیانی پەیامبەر و هاوەڵّان نین.

6- قوتابیان ئەوەندە گرنگی بە لایەنە تەرفیهیەکانی ژیان دەدەن، ئەوەندە گرنگی بە وانەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان نادەن.

7- قوتابیان رێز لە مامۆستا ناگرن و زۆر جار گاڵتە بە مامۆستاو وانەکانیان دەکەن.

8- بەشی زۆری قوتابیانی کچ پۆشاکێکی ناشەرعی لەبەر دەکەن و بە جۆرێك خۆیان دەگۆرن، کە لە هیچ ئاین و کەلتورێك جێگای نابێتەوە.

9- کاتێ بە کچانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەڵێی خۆتان پۆشتەکەن و حیجاب لەبەر بکەن، دەڵێن جاری گەنجین کاتێك پیربووین ئینجا لەبەری دەکەین، یاخود دەڵێن دلمان سافەو نوێژ دەکەین و ڕۆژیش دەگرین خوداش بە بەزەییە.

10- کاتێ بە مامۆستای کۆمەڵناسی فەلسەفەو دەرونزانی و مامۆستای پەروەردە و مێژوو دەڵێیت، بەشی زۆری ئەوەی خوێندوتانە لە زانستە ڕۆژئاواییەکانەوە وەرگیراوە پێچەوانەی چەمکە ئیسلامیەکانەو هەندێ جار لەگەل بیرو باوەڕیش تێکدەگیرێت و نابێت فێری قوتابیانی مسوڵمانی بکەیت، پێت دەڵێن ئیسلام چی داوە لەو کاروبارانە، دەتانەوێت ئیسلام بخەنە ناو هەموو شتێکەوە، ئەوە زانستەو ئیسلامیش ئاینە ! لەنێوان خوداو بەندەکانی و پەیوەندیەکی ڕۆحیە.

11- قوتابی ئەم سەردەمە نوێژ دەکات و ڕۆژ و دەگرێت، بەڵام لایەنگیری فکرەی لادینی دەکات.

12- قوتابی ئەم سەردەمە سەرپۆشی لەسەرە، بەڵام ئەندامی لایەنێکە کە دوژمنی هەرەسەختی ئیسلام وسەرپۆشە.

13- قوتابی ئەم سەردەمە نوێژ دەکات و ڕۆژ و دەگرێت، بەڵام کەسانێکی خۆشدەوێت یاخود لایەنگیریان دەکات کە دوژمنی هەرەسەختی ئیسلامن.

14- قوتابی ئەم سەردەمە نوێژ دەکات و ڕۆژ و دەگرێت، بەڵام کەسانی دژبەدین سەردەخات و خزمەت بە پڕۆژەکانیان دەکات.

ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باسمانکرد دڵۆپێك بوو لە دەریایەك لە بارودۆخی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان و بارودۆخی مسوڵمانان، بۆیە بانگەواز لە

زانکۆ و پەیمانگاکان لە هەموو شوێنەکانی تر زیاتر پێویستە ، (**محمد قگب**)

دەڵێت: ئەرکی ئەمرۆ تەنها بیرهێنانەوە نیە بە ڵکو ئەرکی بانگەوازکردنە بۆ

دروستبونەوە، دروستبونەوەی ئەو تەلارانەی ڕۆچون و لە دارِماندان،

چونکە ئیستا نەتەوەکانی تر لە هەموو لایەکەوە دەمیان خستۆتە ناو

نەتەوەی ئیسلام وەکو پەیامبەر دەفەرمویێت (يوشك أن تداعى عليكم

الأمم من كل أفق كما تداعى الأكلة على قصعتها

قال قلنا يا رسول الله أمن قلة بنا يومئذ.

قال أنتم يومئذ كثير ولكن تكونون غثاء كغثاء السيل ينتزع المهابة

من قلوب عدوكم ويجعل في قلوبكم الوهن قال قلنا وما الوهن قال

حب الحياة وكراهية الموت) رواه ابوداود واحمد.

ڕۆڵی هاوەڵە گەنجەکانی پەیامبەر (صلى الله عليه وسلم) لە بانگەوازدا (1):

یەکەم کەس بانگەوازی ئیسلامی دەستپێکرد و بانگی خەڵکی کرد بۆ لای

خودا پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) بوو، ئەوکات تەمەنی 40 ساڵ بوو،

زۆربەی مسولـمانە یەکەمینەکان و ئەوانەی بەدەم بانگەوازی پەیامبەرەوە هاتن، تەمەنیان لـە دەوری بیست ساڵان بوو.

یەکێك لـە مسولـمانە یەکەمینەکان سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص (ڕ.خ) بوو، لە زاری خۆیەوە لە بارەی خۆی و ئەو ناخۆشیانەی لـەسەرەتای بانگەواز هاتۆتە پێشیان دەفەرمووێت:

( چ کەسێك مسولـمان ببوو لـەو کاتەی من مسولـمانبووم؟ ڕۆژانێك من سێ یەکی مسولـمانان بووم)

هەروەها دەفەرمووێت :

( من یەکەم عەرەب بووم، تیرم لە پێناو ئیسلام هاویشت، ئێمە لە گەڵ پەیامبەری خودادا دەجەنگاین هیچ خواردنێکمان پێنەبوو جگە لە پەلکەدار نەبێت....)

هەروەها عەبداللە ی کوڕی مەسعود (ڕ.خ) لـەسەربێت دەڵێت :

(من شەشەم کەس بووم، جگە لە ئێمە هیچ مسوڵمانێك لە سەر ڕووی زەوی نەبوو).

ئەو کەسانەی بەدەم بانگەوازی پەیامبەرەوە هاتن باش دەیانزانی ،کە لایەنگیریان بۆ ئەم ئاینە وای لێکردوون لە کێشەکەیدا بژین و ڕۆلیان هەبێت لە بانگەواز کردن بۆی، بۆیە پێشبرکێ یاندەکرد بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە ودەیانزانی،باشترین کار بریتی یە لە بانگەواز بۆ ئەم ئاینە یەکتاپەرستی یە :( وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ )الفصلت/33، واتە: ( جا کێ لەوکەسە جوانگوفتار وقسەبەجێترە کە بانگەواز دەکات بۆ لای خوداو، پێشتریش کاروکردەوەی چاکی ئەنجامداوە وتوشیەتی بەراستی من لە ڕیزی مسوڵمانانم)ت/ئاسان.

پەیامبەر بەردەوام ئامۆژگاری گەنجانی هاوەڵی دەکرد، بۆ بانگەوازی گەلەکانیان و کۆڵنەدان بەرامبەر ئەو ناخۆشیانەی ڕوبەڕوویان دەبێتەوە، ئەوەتا مالکی کوڕی حوریس دەفەرمووێت: (أتينا إلى النبي صلى الله عليه وسلّم ونحن شببة متقاربون، فأقمنا عنده عشرين يوماً وليلة، وكان رسول الله صلى الله عليه وسلّم رحيماً رفيقاً، فلما ظن أنا قد اشتهينا أهلنا أو قد اشتقنا سألنا عمن تركنا بعدنا، فأخبرناه قال: "ارجعوا إلى أهليكم فأقيموا فيهم وعلموهم ومروهم، وذكر أشياء أحفظها أو لا أحفظها، وصلوا كما رأيتموني أصلي، فإذا حضرت الصلاة فليؤذن لكم أحدكم وليؤمكم أكبركم) رواه بخاری.

ووتەکەی مالیك ئەو بیرۆکانە ڕەتدەکاتەوە، کە پێیانوایە کاری بانگەواز تەنها کاری پیرەکان و کاری ئەوانەیە کە زانانەو دەبێت زانیاریەکی زۆریان هەبێت.

لە ڕێبازی پەیامبەر(صلی اللە علیە وسلم) و هاوەڵانی پەیامبەر لە کاتی بانگەواز دا، ئەوە بوو کە پلەبەندیان دەکرد و لەیەك کاتدا باسی تەواوی ئیسلامیان نەدەکرد، وەکو عائیشە(ر.خ) دەربارەی بانگەوازی پەیامبەر د(خ) دەڵێت : (یەکەم سورەت کە دابەزی بە درێژی باسی بەهەشت و دۆزەخی تێدا کرابوو، بۆ ئەوەی پاشان باسی حەلال و حەرام بێتە خوارەوە ، چونکە ئەگەر یەکەم شت کە دابەزی وتبای مەشروب مەخۆن ئەوا دەیان وت، هەرگیز واز لە مەشروب ناهێنین یاخود، ئەگەر وتبای زینا مەکەن ، دەیانوت هەرگیز واز لە زینا ناهێنین).

یەکێك لە دیمەنەکانی بانگەوازی گەنجانی هاوەڵی پەیامبەر(صلی اللە علیە وسلم) بریتییە، لە هەڵسوکەوتی گەنجەکانی بەنی سەلەمە لەگەڵ (عەمری کوری جموع) (ر.خ) بەر لە مسوڵمان بوونی، بەشێوازێکی زۆر جوان توانیان باوەڕ بە (عەمر) بکەن مسوڵمانبێت، (عەمر) بتێکی هەبوو ناوی

(مناف) بوو، گەنجانی بەنی سەلەمە شەوێك چون و بتەکەیان لێ فرێ دایە ناو قۆرتێك، بەیانی کە (عەمر) لەخەو هەڵسا بتەکەی بینی هەڵی گرتەوەو شوشتی و لەشوێنی خۆی دایناوە، گەنجەکانی بەنی سەلەمە چەند جارێك ئەم کارەیان دووبارەکردەوە، تاوەکو (عەمر) مسوڵمان بوو دوای مسوڵمانبونی لە هۆنراوەیەکدا دەڵێت: وەڵاهی، ئەگەر تۆ خودابای لە گەڵ سەگێکدا لە ناو قۆرتێك نەئەکەوتی:

والله لو كنت إلهاً لم تكن — أنت وكلب وسط بئر في قرن
أف لمثواك إلهاً مستدن — الآن فتشناك عن شر الغبن

ئەمە تاکە دیمەن و ڕێگاو ڕێباز نیە، بەڵکو ژیان و سیرەی پەیامبەر و هاوەڵانی پەیامبەر پڕیەتی لە دیمەنی بانگەواز بۆ لای خودا، بۆیە ئەوەی کە گرنگە بۆ ئێمە دەبێت شوێن پێی پەیامبەر و هاوەڵانی هەڵبگرین بۆ ئەنجامدانی بانگەواز و بەکارهێنانی ئامراز و ڕێبازەکانی بانگەواز، چونکە

ئەوان یەکەم قوتابخانە بون بۆ بانگەوازی ئیسلامی و ڕاستەوخۆ لەلایەن خوداوە ڕێنوێنی پەیامبەر دەکراو هاوەڵانیش پەروەردەی ڕاستەوخۆی دەستی پەیامبەر بوون.

لێرەدا تەمەنی بەشێك لە هاوەڵان دەخەینە ڕوو لە وکاتەی مسوڵمانبوون، پاش مسوڵمانبونیان بوون بە پێشەوای بانگەوازی ئیسلامی:

ئەبوبەکری صەدیق لە تەمەنی 37 ساڵی بوو بە مسوڵمان.

| | |
|---|---|
| عومەری کوری خەتاب | 26 ساڵ |
| عوسمان کوڕی عەففان | 20 ساڵ |
| عەلی کوڕی ئەبو تالیب | 8 ساڵ |
| عبدالرحمن کوڕی عەوف | دەوروبەری 30 ساڵ |
| ئەبو عبیدەی جەڕاع | 27 ساڵ |

| | |
|---|---|
| زوبێری کوڕی عەوام | 18 ساڵ |
| تەڵحەی کوڕی عبیداللە | 11 ساڵ |
| سعدی کوڕی ئەبی وەقاص | 17 ساڵ |
| عبداللە کوڕی مسعود | 14 ساڵ |
| ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەم | 12 ساڵ |
| سعیدی کوڕی زەید | 19 ساڵ |
| جعفری کوڕی ئەبی تالیب | 12 ساڵ |
| صوهیبی ڕۆمی | نزیکەی 20 ساڵ |
| زەیدی کوڕی سابت | نزیکەی 20 ساڵ |
| خەبابی کوڕی ئەرت | 20 ساڵ |

# بنەماکانی بانگەواز لە زانکۆ و پەیمانگاکان

1- بابەتی بانگەواز

2- بانگخواز

3- بانگکراو

4- ڕێبازی و ئامرازەکانی بانگەواز

لێرەدا بە کورتی باس لەهەریەکێکیان دەکەین و ڕونکردنەوەیان لەسەر دەدەین

# یەکەم:بابەتی بانگەواز لە زانکۆ و پەیمانگاکان

بابەتی بانگەواز لە زانکۆ و پەیمانگاکان بریتیە، لە ئیسلام ، کە خودای گەورە بۆ پەیامبەری خودا(صلی الله علیه وسلم) ی ناردووە، لە قورئان و سونەتی پاکی پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) لەسەر بێت خۆی دەبینێتەوە.

بۆ ڕونکردنەوەی ئیسلام بە کورتی چەند پێناسەیەکی دەخەینە ڕوو:-

ئیسلام بریتیە لە گوێڕایەڵی و پابەندبوون، لەڕووی دەستەواژەوە بەدوو مانادێت، مانایەکی گشتی، کە هەموو ئەو پەیامانە دەگرێتەوە بۆ پەیامبەران هاتوون، هەر لە ئادەم تاوەکو کۆتا پەیامبەر، کە موحەممەدە(صلی الله علیه وسلم) ( إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللهِ الإِسْلاَمُ وَمَا اخْتَلَفَ الَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ إِلاَّ مِن بَعْدِ مَا جَاءهُمُ الْعِلْمُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ وَمَن يَكْفُرْ بِآيَاتِ اللّهِ فَإِنَّ اللّهِ سَرِيعُ الْحِسَابِ ) ال عمران/19 ، واتە( بە ڕاستی دین و ئاینی پەسەند لای خوا تەنها ئاینی ئیسلامە ، ئەوانەش کە کتێبە (ئاسمانیەکانیان) دراوەتێ،

جیاوازیان لە نێواندا پەیدا نەبووە مەگەر لە دوای ئەوەی زانستی و زانیاری تەواویان بۆ هانووە (دەربارەی ڕاستی محمد و ئیسلام) ، ئەمەش بەهۆی دنیا پەرستی و حەسوودی و ستەم كردنیان لە نێو خۆیان( چونكە ڕازی نەبوون بە پێغەمبەرێك لە غەیری خۆیان) ، جا ئەوەی باوەڕی بە فەرمان وئایەتەكانی خوا نەبێت، ئەوە بێگومان خوا بە خێرایی حسابی خۆی دەكات لە گەڵیاندا (هەر زوو بە دۆزەخیان دەگەیەنێت)) ت/ئاسان.

وەمانایەكی تایبەتیشی هەیە بریتیە لەو پەیامەی بۆ موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) هاتووە، كۆتای هەمو پەیامەكانەو هیچ پەیامێكی جگە لە خۆی قبولّ نیەو بە هاوشێوەش ڕازی نیە.

ئیسلام پێناسەدەكرێت بە چەند پێناسەیەك، كە هەریەكەو لە گۆشەیەكەوە لێی دەڕوانن، باشترین پێناسەش بریتیە لەو فەرموودەی پەیامبەر (صلى الله

**عليه وسلم) ، کاتێك جبرائیل(سەلامی خوای لێبێت) هاتە لای پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و لێی پرسی:**

( يا محمد أخبرني عن الإسلام ، فقال له: الإسلام أن تشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله ، وتقيم الصلاة وتؤتي الزكاة ، وتصوم رمضان ، وتحج البيت إن استطعت إليه سبيلا ) رواه مسلم.

**هەروەها ئیسلام بریتیە لە ملکەچی و گوێڕایەڵی خودای گەورە، کە ئەویش دوو بەشە:**

**1- هەموو دروستکراوێك ملکەچ و گوێڕایەڵی خودای گەورەیە، لە ڕووی سروشتی لە دایك بوون و مانەوەو مردنی، بۆیە لەم ڕووەوە مرۆڤ لەگەڵ هەموو دروستکراوەکانی تر، هاوبەشە.**

2- بەشی دووەمی ملکەچی و گوێڕایەڵی، کە خۆی لە ناوەرۆکی ئیسلام دەبینێتەوە ، ئەوەش بە شێوەیەکی ئازادانەیە و زۆر لێکردنی تێدانیە، هەروەها سزاو پاداشتی لەسەرە.

لەڕوویێکی ترەوە ئیسلام بریتیە، لە سیستەمێکی گشتی و یاسایەکی گشتگیر بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان و بەرنامەیەکە بۆ ڕەوشتی مرۆڤەکان، بۆ پەیامبەر (صلى الله عليه وسلم) هاتووەو فەرمانیش کراوە، کە پێوەی پابەندبین و لەبەرامبەر پابەندبوندا سزاو پاداشت دانراوە ( وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ) ال عمران/85، واتە ( جا ئەوەی بێجگە لە ئاینی ئیسلام پەیڕەوەی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت، لە قیامەتیشدا لە خەسارەتمەند و زەرەرمەندانە ) ت/ئاسان.

هەروەها ئیسلام بریتیە لەو کۆمەڵە پەیامەی کە بۆ پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) نێردراوە، ئەحکامەکانی بیرو باوەڕو عقیدە و ڕەوشت و معاملات و هەواڵی گەلانی پێشوو دەگرێتەوە.

هەروەها ئیسلام تاکە پەیامە کە تواناى وەڵامدانەوەی هەرسێ پرسیارە نەمرەکەی هەیە کە توشی مرۆڤ دەبێتەوە کە ئەوانیش:

لەکوێ هاتووی؟

بۆ چی هاتووی؟

بۆکوێ دەچی؟

بۆیە کەسی بانگخواز بە گوێرەی ئەو بارودۆخەی تێیدایە و لە سنورەکانی ئیسلام بانگەوازی خۆی دەکات.

(1). بۆ ئەم باسە سوودم وەرگرتووە لە پەرتووکی (اصول الدعوە) ی عبدالكريم زيدان.

# مسوڵمان بوونی مامۆستایەکی تەبشیری

(ئیبراهیم خەلیل فلۆبۆس) مامۆستای پێشووی ئینجیل، هەر لە منالێیەوە لە کەنیسە گەورەبوو و پەروەردەی دەستی قوتابخانە ئاینیەکان بوو، بەسەدان لاپەرەی دژی ئیسلام و مسوڵمانان نوسی بەناوی (کیف ندمر الاسلام بالمسلمین)؟! خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت( لەیەکێك لە کۆنگرە تەبشیریەکان قسەم بۆ خەڵکەکە کرد، بەهەموو شێوەیەك قسەی ناشیرینم بە ئیسلام گوت، ئیهانەی ئیسلامم کرد.

دوای تەواو بونی وتارەکە، لەناخەوە دەستم کرد بە پرسیارکردن، بۆچی ئەم قسانە دەکەم لە کاتێکدا دەزانم کە هەمووی درۆیە؟ ....

بەر لەتەواو بونی کۆنگرەکە ڕوخسەتم وەرگرت و بە تەنها بەرەو ماڵ بەڕێ کەوتم، لە ناخەوە زۆر شڵۆق بووم، دوو دڵ بووم، بۆ شەو بەتەنها لە پەرتوکخانەکەمدا تا بەرە بەیان قورئانم خوێندەوە، زۆر لەسەر ئەم ئایەتە

وەستام و زۆرم بیر لێکردەوە کە خودای گەورە دەفەرمویَت ( لَوْ أَنْزَلْنَا هَذَا الْقُرْآَنَ عَلَى جَبَلٍ لَرَأَيْتَهُ خَاشِعًا مُتَصَدِّعًا مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ) الحشر/21.

لەم شەوەدا بڕیاری سەرەکی ژیانم دا و مسولّمان بووم، پاشان داوام لە منالّەکانم کرد بۆ ئەوەی مسولّمانبن، لە نێو منالّەکانم لە هەمویان پەرۆش تر بۆ ئیسلام (ئوسامە)ی کوڕە گەورەم بوو کە دکتۆرای هەیە لە فەلسەفە و مامۆستای زانستی دەروونناسیە لە زانکۆی سۆربۆن. بەمشێوەیە ڕۆژبە ڕۆژ مالّی مسولّمان زۆرتر دەبن.

# دووەم: بانگخواز

بانگخواز ئەو کەسەیە  لەرووی شەرعەوە ڕاسپێردراوە بۆ بانگکردنی خەڵك بۆ دینی خودا، لە زانکۆ و پەیمانگاکانیشدا بانگخواز ئەو قوتابی و مامۆستایانە دەگرێتەوە کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی بانگەواز بۆ دینی خودا، هەروەکو لە باسەکانی سەرەتادا بەڵگەی ڕاسپاردنی مان باسکرد و باسی پلەو پایەی بانگخوازمانکرد بۆیە لێرەدا، تیشك دەخەینە سەر لایەنێکی تری کاری بانگخوازی، ئەویش سیفەت و رەوشتەکان و ئەو کارانەی پێویستە بیانکات بە کورتی ڕونیان دەکەینەوە.

دەبێ دڵسۆزبێت بۆ کارەکەی و تەنیا لە پێناوی خودابێت.

خاوەنی زانست و زانیاریەکی باش بێت لەو بوارەی بانگەوازی بۆ دەکات.

خاوەنی سۆز و نەرم و نیانی بێت. راستگۆو دەستپاك بێت.

خاوەنی لێبوردەی و خۆبەکەمزانین بێت، وەکو ئەو وتەیەی ئیمامی عمر(سەلامی خودای لێبێت) کاتێك وتیان ئەو کەسە بکە بەرپرسی خەڵك، لە وەڵامدا وتی: (لا حاجة لي به، إني أريد الرجل الذي إذا كان في القوم وليس أميرهم بدا وكأنه أميرهم، وإذا كان في القوم وهو أميرهم بدا كواحدِ منهم يعني من تواضعه).

1- نابێ بانگخواز لەبەرامبەر هاورێکانی خۆی بە گەورە بزانێت و خۆی پێ زاناتر و زیرەکتربێت، چونکە ئەوە دەرگای شەیتان دەکاتەوە بۆ ئەوەی خەڵك ئامۆژگاری لێوەرنەگرن.

**2- دەبێ بانگخواز بزانێت، کە مرۆڤ کەسێکی خۆشناوێت لەبەر ماڵ و سامانەکەی، بەڵکو خۆشی دەوێت لەبەر خورەوشت و ڕوو خۆشیەکەی.**

**3- هەڵبژاردنی کاتێکی گونجاو بۆ ئامۆژگاریکردن.**

**4- ئامۆژگاریکردنی بەرامبەر کاتێك باشە کە، بەتەنیابێت و دووربێت لە چاوی خەڵك.**

**5- دیاریکردنی پێشەکیەکی باش بۆ چوونە ناو ناخی بەرامبەرەکەت،** بۆنمونە، لەسەرەتادا کەمێك باسی سیفەتە بەرزەکانی بکە، کە لە هاورِێ قوتابیەکانی جیای دەکاتەوە پاشان برِۆ ناو بابەتەکەت.

چاکەکردن و هەڵسوکەوتی جوان سیفەتی کەسی بانگخوازە، دەبێتە هۆی خۆشەویستنی لە لایەن کەسەکانی دەوروبەری، وەکو چۆن یوسف(سەلامی خودای لەسەربێت) بە رِەوشتە جوانەکانی توانیبووی دڵی کەسەکانی ناو بەندیخانە بۆلای خۆی رِابکێشێت، کە ئەمەش ببوە هۆی ئەوەی کە قسە و ئامۆژگاری لێوەربگرن، کە خودای گەورە لەسەر زاری بەندیەکان دەفەرموویێت **(إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ)**یوسف/78/36، واتە ( بەرِاستی ئێمە تۆ بە پیاو چاك و چاکە خواز دەزانین) ت/ئاسان .

لە هەمووی گرنگتر ئەویە ،کە دەبێت کەسی بانگخواز خاوەنی باوەڕێکی بەتین و قوڵبێتن، هەروەها کەسێکی ئارامگربێت لە سەر ناخۆشیەکانی ڕووی تێدەکەن، ئامادەبێت واز لە خۆشیەکانی دونیا بێنێت بۆ بەختەوەر کردنی کەسانی تر، ئامادەی قوربانیدان بێت لە پێناوی ئەو پەیامەی هەڵێگرتووە، بەدیع زەمان مامۆستا سەعیدی نورسی باس لە ژیانی خۆی دەکات و دەفەرموویێت: تەنانەت ژیانی ئەو دونیاشم کردە قوربانی بۆ سەلامەتی ئیمانی کۆمەڵگا، لە دلمدا هیچ ئارەزویێك بۆ بەهەشت و هیچ ترسێك لە جەهەننەم نیە، با نەك یەك سەعید بەڵکو هەزاران سەعید ببنە قوربانی نەك لە پێناو ئیمانی کۆمەڵگەی تورکی کە 20 ملیۆن کەس دەبن بەڵکو لە پێناوی ئیمانی کۆمەڵگەی ئیسلامی کە سەدان ملیۆن کەس دەبن، ئەگەر هاتوو کۆمەڵێك نەبن کە ئاڵای قورئان بەرزبکەنەوە ئەوا ئەوکات حەز لە بەهەشتیش ناکەم، چونکە ئەوکات دەبێتە بەندیخانە بۆم، وە

ئەگەر بینیم کە ئیمانی ئومەتەکەم لە خەیرو سەلامەتیدایە ئەو کاتە ڕازییم ئەگەر لە ناو ناخی جەهەندەمیش بسوتێم، چونکە ئەوکاتەی لاشەم دەسوتێت ئەوا دڵم لە وپەڕی خۆشی و ئارامیدایە.(1)

پێویستە بانگخواز لە خۆیەوە دەستپێبکات واتە خۆی ببێتە پێشەنگ بۆ خەڵکانی دەوروبەری، وەکو چۆن شیخ عبدالقادری گەیلانی دەفەرموویێت: (إذا صلح قلب العبد للحق عز وجل وتمكن من قربه، أُعْطِي المملكة والسلطنة في أقطار الأرض، وسُلِّم إليه نشر الدعوة في الخلق، والصبر على أذاهم، يسلَّم إليه تغيير الباطل وإظهار الحق) (2)

شێخ صادق الرفاعی دەلێت ( إن الموعظة إن لم تتأد في أسلوبها الحي كانت بالباطل أشبه، وإنه لا يغير النفس إلا النفس التي فيها قوة التحويل والتغيير، كنفوس الأنبياء ومن كان في طريقة روحهم، وإن هذه الصناعة إنما هي وضع البصيرة في الكلام، لا وضع القياس والحجة ) (3)

هەروەها ئیمامی شافعی دەفەرموویٽ ( من وعظ أخاه بفعله كان هاديا ).

بۆیە دەبیٽ، بانگخواز بە کردەوەکانی ببیٽە پیٽشەنگ و پیٽشەوای خەڵك، بۆ ئەوەی خەڵك دوای بکەون و گوێڕایەڵی بن، بەلام کاتیٽك گەنجی مسوڵمان ناسنامەی خۆی وندەکات چۆن چاوەڕوانی ئەوە بکات کە خەڵك گوێڕایەڵی بن و گوێ بۆ قسەکانی بگرن، کاتیٽك تۆ کاریٽك خۆت ئەنجامی نادەی چۆن چاوەڕوان دەکەیت کە بەرامبەرەکەت ئەنجامی بدات.

(1) التعريف بالدعوة اصطلاحاً (ئینتەرنیَت) كةلة (مجموع الفتاوى لابن تيمية ج15/ 157) وةريطرتووة.

(2)التعريف بالدعوة اصطلاحاً (ئینتەرنیَت) كةلة (أسس الدعوة وآداب الدعاء للدكتور السيد محمد الوكيل، ص9) وةريطرتووة.

(3) د.سيد بن حسين العفانى، صلاح الامة فى علو الهمة لا106.

**هاوڕێیەکم بۆیی گێڕامەوە، کە ( چەند سالێك لەمەوبەر لەگەڵ هاوڕێیەکم بۆ خوێندنی ماجستیر لە بواری ئەندازیاری ڕوومان لە وڵاتی بەریتانیا کرد، دوای ماوەیەك مانەوە لە وڵاتی بەریتانیا هەستم کرد، کە هاوڕێیەکەم پەیوەندی ناشەرعی هەیە لەگەڵ قوتابیەکی کچی دانیشتووی ئەم وڵاتە،و جارجارە لەگەڵی دەچێت بۆ دەرەوە بۆ ڕابواردن و یانەکانی شەوانە، بۆیە منیش زۆر ئامۆژگاریم کرد تا واز لەم کارە بێنێت چونکە ئەمە کارێکی ناشەرعیە و لەگەڵ دابونەریتی ئێمە ناگونجێت.**

بەڵام هاوڕییەکەم وەڵامی دامەوە و وتی: نا من دەمەوێت هاوسەرگیری لە گەڵ بکەم و بیکەمە خێزانی خۆم، منیش وتم بەڵام ئەو کچە مسوڵمان نیە چۆن شووت پێدەکات؟ وتی من داوای لێدەکەم ببێتە مسوڵمان.

بۆ ئەم مەبەستە هاوڕێیەکەم ڕۆژێکیان داوا لە کچەکە دەکات، کە شویی پێبکات ئەویش ڕازی دەبێت، بەڵام هاوڕێیەکەم پێیدەڵێت دەبێت ببیت بەمسوڵمان، چونکە خێزانەکەم ڕازی نابن هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم، ئەگەر نەبیت بەمسوڵمان، کچەکەش دەڵێت باشە، بەڵام تۆ باسی ئیسلامم بۆ بکە، با بزانم ئیسلام و مسوڵمانەتی چی یە؟ ئینجا ئەگەرقەناعەتم پێهات دەبم بە مسوڵمان.

هاوڕێیەکەشم قورئانێکی وەرگێڕدراوی سەر زمانی ئینگلیزی بۆ دەبات بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوەو دەربارەی ئیسلام شارەزابێت.

دوای ماوەیەك خوێندنەوەی  قورئان كچەكە بڕیار دەدات، ببێت بە مسوڵمان و مسوڵمانەتی خۆی ڕادەگەیەنێت، زۆربەی پەرستشەكان ئەنجامدەدات و دەبێتە باڵاپۆش ، بە تەواوی واز لە چونەدەرەوە لە گەڵ هاوڕێكەم دەهێنێت.

كاتێك هاوڕێیەكەم دەچێت بۆ لای كچەكەو دووبارە داوای هاوسەرگیری لێدەكاتەوە، كچەكە بە قسەكانی توشی شۆكی دەكات كاتێك پێی دەڵێت: من ئامادەنیم كە هاوسەرگیریت لەگەڵ بكەم، چونكە تۆ كەسێكیت، كە پابەن نیت بە ئاینەكەتەوە، تەنها بەناو مسوڵمانیت، بەڵام بەكردار هیچت لە مسوڵمانەتی ناچێت، تۆ كەسێكیت كاتێك خودا پێتدەڵێت زینا مەكە، تۆ چەندان جار زینات لەگەڵ كردووم، تۆ كەسێكیت خودا خواردنەوەی مەی و بیرەی لێ قەدەغەكردووی، بەڵام تۆ لەكاتی دەرچونت شەوانە لەگەڵ من چەندان جار خواردۆتەوە، تۆ كەسێكیت گوێڕایەڵی خودا ناكەیت بۆیە، من

ئامادەنیم شوو بەکەسێکی ئاوا بکەم، من ڕێگای خۆم دۆزییەوەو چیتر ناگەڕێمەوە سەر کارەکانی پێشووم و تەوبەیەکی تەواوم کردووە، تۆش ئەگەر دەگەڕێیتەوە ئەگینا برۆ لەگەڵ کەسێك هاوسەرگیری بکە کە شایستەی خۆت بێت......

قوتابی خۆشەویست ئەمەی سەرەوە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیەو بەسەر قوتابیەکی کورد هاتووە، ئەگەر بمانەوێت خەڵك گوێڕایەڵمانبێت دەبێت سەرەتا ڕووی بانگەوازمان بکەینە خۆمان و خۆمان چاك بکەین و خۆمان ببینە پێشەنگ بۆ دەوروبەرمان.

**6- بانگخواز دەبێت، بانگخوازێکی زیندوو[1] بێت:**

- بانگخوازی زیندوو، لە هەرشوێنێك بێت، هەر باشترینە، ئەگەر لە ماڵبێت باشترینە، ئەگەر لە کۆلێژ، لە قوتابخانە، لە نخۆشخانە و فەرمانگە بێت ئەوا باشترینە.

- بانگخوازی زیندوو، ئەگەر لە ناو ئۆتۆمبێل بێت، یان لە کۆلێژبێت، ئەوا جوانترین هەڵسوکەوتی هەیە.
- بانگخوازی زیندوو، ئەگەر لە هەرکارێك بەشداربێت، جێی ناهێلێت تاوەکو، کارێگەری بانگەوازەکەی تیا بەجێ نەهێلێت.
- بانگخوازی زیندوو، بە هەموو پردێك دەتوانێت، بگات بە دڵ و دەروونی بێ ئاگایان.
- بەربەستەکان ناتوانن بێنە بەردەم بانگخوازی زیندوو.
- بانگخوازی زیندوو ،لە خوڕەوشت وەکو پەیامبەرە(صلى الله عليه وسلم) ، لە ڕاستگۆیی وەکو ئەبوبەکرە، لە بەهێزی وەکوعومەرە، لە شەرم و حەیای وەکو عوسمانەو لە ڕقدا وەکو عەلی وایە.

- بانگخوازی زیندوو، لە هەموو گۆڕەپانێك بانگەوازی خۆی دەکات، ئەگەر سەیری جانتاکەی بکەی شیرینی و خەڵات دەدۆزیەوە.

- بانگخوازی زیندوو، پشت بە هەموو تواناکانی بەردەستی دەبەستێت، هەموو کاتێك بە هەل وەردەگرێت، ڕقی لە تاریکی نیە، بەڵام بەشداری لە داگیرساندنی ڕوناکی دەکات.

- بانگخوازی زیندوو، سوود لە فرسەتەکان وەردەگرێت، هەوڵی بۆدەدات و چاوەڕێی ئەوە ناکات فرسەت بێتە پێشی، چاوەڕێی ڕێکەوت و ڕووداوی ناکاو ناکات، بەڵکو بۆ هەموو ڕوداوێك ئامادەیە.

- بانگخوازی زیندوو، هەتەری یە(جدیه)، بەبێدەنگی کارەکەی خۆی دەکات،کاتێك بەرپرسەکەی کارێکی پێدەبەخشێت، بە منەت و منگە منگ نیە و دەڵێت: ئینشاوالله جێبەجێی دەکەم.

- بانگخوازی زیندوو، بەردەوام لە جولـەیە بۆ خزمەتی ئاینەکەی و دروشمی بریتی یە لە ( قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَاْ وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللهِ وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ) یوسف/108، واتە ( ئەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بڵێ: ئا ئەمە ڕێگەو ڕێبازمە: من و شوێنکەوتوەکانم بانگدەکەین بۆ لای خودای پەروەردگار لـەسەر بنچینە و بناغەیەکی ڕوون و ئاشکرا، پاکی و بێگەردی بۆ زاتی پەروەردگارە من هیچ کات لە موشریك وهاوەڵگەران نیم ) ت/ئاسان.

(1). ئەم باسە بە دەستکاریەوە لە پەرتوکی (کلنا دعاە) وەرگیراوە

7- بانگخواز دەبێت بانگخوازێکی چاوساغ وبینەر(1) بێت :

- بانگخوازی چاوساغ وبینەر: لە گرنگترەوە دەستپێدەکات.
- بانگخوازی چاوساغ وبینەر: دەمارگیری و خۆشەویستی تەنها لە پێناوی قورئان و سونەت.
- بانگخوازی چاوساغ وبینەر: بنەمای ناوەندی گرتووە لە کارەکانیدا.
- بانگخوازی ژیر و بینەر: زۆر بە ئاگایە لە پۆلێنکردنی خەڵك لە سەرگومان.

- بانگخوازی چاوساغ وبینەر: لە بانگەوازیدا پشت بە بنەماکانی شەرع دەبەستێت.
- بانگخوازی چاوساغ وبینەر: بە گوێرەی توانا هەردوو هێزی (زانست و کردار) بە کاردەهێنێت.
- بانگخوازی چاوساغ وبینەر: بەردەوام دەم بە خەندەو پێکەنینە.
- بانگخوازی چاوساغ وبینەر: پەیوەندی لە گەڵ مسوڵمانان زۆر باشە.
- بانگخوازی چاوساغ وبینەر: بەردەوام ڕاوێژدەکات لە کارەکانی.
- بانگخوازی چاوساغ وبینەر: بەر لە دەست کردن بە کار استخارە بە خوا دەکات.
- بانگخوازی چاوساغ وبینەر: بەردەوام دوعا و پاڕانەوە دەکات.

## 8- بانگخواز دەبێت وەکو خۆر بێت :

( وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ) يس/38

چۆن خۆر شوێنێکی دیاریکراوی نیە لێی بوەستێت، ئاوا بانگخوازیش دەبێت، بەردەوام لە ناو خەڵك بێت و بانگیان بکات بۆ ئیسلام.

چۆن خۆر ڕوناکی لە خواوە وەردەگرێت و بە جیهاندا بڵاوی دەکاتەوە، ئاوا بانگخوازیش زانست لە خواوە وەردەگرێت و بە جیهاندا بڵاوی دەکاتەوە.

چۆن خۆر دەمارگیری و حیزبایەتی نیە و ڕوناکی بە هەموو خەڵك دەدات، بانگخوازیش نابێت جیاوازی لە نێوان خەڵك بکات.

چۆن خۆر کرێی لە هیچ کەسێك وەرناگرێت، لەسەر ئەو ڕوناکیەی، کە دەیدات بە خەڵك، ئاوا بانگخوازیش کرێی لە هیچ کەس وەرناگرێت

لەسەر ئەو کارەی دەیکات { لا أسئلكم عليه أجرا}.

چۆن خۆر پشوی ڕەسمی و پشوی هاوینەی نیە، ئاوا بانگخوازیش دەبێت، لە هەموو وەرز و کات و شوێنێك پەیامی خۆی بگەیەنێت و بانگەوازی بۆ بکات. { فإذا فرغت فانصب} .

کۆتا خاڵ: ئەگەر خۆرگیران ڕووبدات ئەوا ترس دەکەوێتە نێو خەڵکی.... هەروەها ئەگەر بانگخواز وازی لە بانگەواز هێنا ئەوا مەترسیە بۆ ئوممەتی ئیسلامی.

# سێیەم: بانگکراو

ئەو کەسەیە، کە لەلایەن بانگخوازەوە بۆ بابەتی بانگەواز بانگ دەکرێت، هەموو ئەو قوتابیانە دەگرێتەوە کە لە زانکۆ و و پەیمانگاکانن ، وەکوخودای گەورە دەفەرمویێت ( وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا ) سبأ/28، واتە ( لەڕاستی یدا ئێمە تەنها بۆ هیدایەتی هەموو خەڵکی ، تۆمان ڕەوانە کردووە ، لە کاتێکدا مژدە دەر و ترسێنەریت بۆیان) ت/ئاسان.

بانگخواز واجبە لەسەری بانگی بانگکراو بکات و نابێت لەماڵەوە دابنیشێت و چاوەڕێبێت کە بانگکراو بچێتە لای ، چونکە خودای گەورە بە پەیامبەر دەفەرموویێت( يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ) المائدة/67 ، واتە (ئەی پێغەمبەر و فرستادە ، هەرچی فەرمان و پەیامێکت

بۆ دابەزیووە لەلایەن پەروەردگارتەوە (بێ دوو دڵی ، بێ ماتڵی) ڕای بگەیەنە) ت/ئاسان.

نابێت بە هیچ شێوەیەك بانگکراو سوکایەتی پێبکرێت لە لایەن بانگخوازەوە ، دەبێت لەلایەن بانگخوازەوە چەند خاڵێك بە هەند وەربگیرێت، لە کاتی بانگکردنی بانگکراودا، کە ئەوانیش:

ئاستی تەمەنی بانگکراو.

ئاستی زانستی بانگکراو.

ئەو کێشەو ئاستەنگانەی هەیە، لەبەردەم بانگکراو، کە دەبنە بەربەست یاخود دواکەوتنی وەرگرتنی ئامۆژگاریەکان.

# چوارەم: ڕێباز و ئامرازەکانی بانگەواز

ئەگەر بانگەوازی ئیسلامی بریتیبێت، لە بلاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام، ئەوا دیارەکە پێویستی بە ڕێبازو ئامرازی گەورە هەیە بۆ بلاوکردنەوەی ئامانجەکانی ئیسلام.

ڕوون و ئاشکراشە، کە ئامانجی زۆر پێویستی بە ڕێباز و ئامرازی زۆرە بۆ گەیشتن پێیی ، دەبێت ئەو ڕێباز و ئامرازانەش، کەبەکاردێن لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەو پەیامە یەك بگرێتەوە، کە بانگخواز هەڵی گرتووە و بانگەوازی بۆدەکات، واتە نابێت ئامراز و ڕێبازی ناشەرعی بەکاربێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی شەرعی.

هەر چەندە ئامانج و سودەکانی ئیسلام زۆربن، ئەوەندە ڕێباز و ئامرازەکانی بانگەوازی ئیسلامی زۆر دەبێت.

بانگەوازی ئیسلامی پێویستی زۆری بە زانست و تواناو لێهاتوویی هەیە، بۆ گەیاندن و دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەرامبەر و بەکارهێنانی کاتی گونجاو و بابەتی گونجاو.

دەبێت ئەو ڕێباز و ئامرازانەی لە بانگەوازی ئیسلامی بەکاردێن بۆگەیاندنی پەیامی ئیسلام ، هەڵقوڵابن لە :

1- قورئانی پیرۆز.

2- فەرموودەی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم).

3- پێشینەی پیاو چاکان.

4- وەرگرتنی لە ژیان و ئەزمونی پیاو چاکانی پێشە خۆمان.

ڕێبازەکانی بانگەوازی ئیسلامی لە زانکۆ و پەیمانگاکان:

لە چەند خالێکدا تیشك دەخەینە سەر ڕێبازەکانی بانگەوازی ئیسلامی لە زانکۆ و پەیمانگاکان:

1- ڕوونکردنەوەی پێویستی قوتابی و گەنج و لاوان بە ئیسلام.

2- ڕوونکردنەوەی چەمکەکانی ئیسلام بە ڕوونی و بەکورتی و دوورکەوتنەوە لە ناڕونی و شتی شاراوە.

3- پلەبەندی لە بانگەواز( بۆنموونە لەسەرەتادا، لە باوەڕ دەستپێبکە پاشان باسی حوکمەکان بکە)

4- لەو بابەتە دەستپێبکە، کە گرنگترە وناکرێت قوتابیەك یەکسەر لە پۆلی پێنجی سەرەتای دابنرێت، بەڵکو دەبێت پلەبەندی هەبێت و بەشێوەی دوای یەك بابەتەکان ریزبکرێت، واتە فەرزەکان ئینجا سونەتەکان............

5- دوورکەوتنەوە لە و بابەتە فیقهیانەی ڕای جیاوازی زانایانی لەسەرە.

6- گفتوگۆی ئامانجدار، واتە گفتوگۆ لەگەڵ کەسیك یاخود لەسەر بابەتێك مەکە، کە دەرەنجامی نەبێت.

7- دوان لەگەڵ خەڵك بەو شتەی پێویستیەتی، واتە بە جۆرێك لە گەڵ بەرامبەر بدوێ، کە حەزی پێدەکەن ، هەروەها باسی بابەتێك بکە بۆ بەرامبەر ، کە گوێت بۆبگرێت ، باسی ئەوشتە بکە ، کە لە عەقڵیاندایە، نەوەك ئەو شتەی لە سەری تۆدایە، ئەمەش بەمانای ئەوەنایەت تەنازول بکەی و واز لە پەیامی خۆت بهێنی، بەڵکو باشترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بەو شتەی دەتەوێت.

8- بۆ هەر دەردێك دەرمانێك، پزیشك سەرەتا دەردەکە دیاریدەکات پاشان دەرمان دادەنێت ، بانگخوازیش پزیشکی ڕۆحەکانە و پێویستە هەمان ڕێگای پزیشکی ئاسایی بگرێت.

دەردی قوتابی بێباوەڕی و ئەنجامدانی تاوانە و دەرمانی بێباوەڕیش بڕوا هێنانە بە خوداو پەیامبەر و ئەو پەیامەی ناردوویەتی و دەردی گوناه وتاوانیش بریتیە، لە گەڕانەوەو تەوبەکردن و ئەنجامدانی کاری چاکە.

9- دۆزینەوەو بەکارهێنانی توانای قوتابیان بۆ خزمەتی بانگەواز.

10- سوربوون لە سەر سوود وەرگرتن لە هەموو توانا بەکارنەهاتووەکان و بەکارهێنانیان بە باشترین شێوە.

11- کارلێککردن لە گەڵ ناوەڕۆك و کێشەکانی کۆمەڵگا و نابێت وا پیشان بدرێت جیهانی قوتابی جیهانێکی ترە.

12- کارکردن بە بەرنامەو بەشێوەی ڕێکخراو و دیاریکردنی ئامانجە گەورەو بچوکەکان.

13- هەوڵدان بۆ دانانی جێگرەوەی گونجاو بۆ کارە خراپەکان، بۆ نمونە شەریعەت زینای قەدەغە کردووە بەڵام لە بەرامبەردا کاریکی تری داناوە بەکردنی پاداشتیش وەردەگریت ئەویش هاوسەرگیرییە.

14- گەشەپێدان و برەودان بە تواناو بەهرەی قوتابیانی چالاك و زیرەك، بۆ گەرەنتی بەردەوامی پرۆسەی بانگەواز و فراوانکردنی سنوری بانگەواز.

دەبێت هەموو ڕێبازەکان لەسەر بنەمای ئەم ئایەتە بنیات نرابێت. ( ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ) النحل/125 ، واتە ((ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەی ئیماندار ) بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامە و ڕێبازی پەروەردگارت بە حیکمەت و دانایی (بۆ هەندێك) و ئامۆژگاری جوان و بەجێ ، (بۆ هەندێکی تر) ، گفتو گۆ و مجادەلەش بە جوانترین شێوە (لەگەڵ هەندێکی تردا بە تایبەتی خاوەن کتێبەکان) ، ئەنجام بدە چونکە بە ڕاستی پەروەردگارت هەر خۆی

زانایە ، کە کێ گومڕایە ، هەروەها هەر خۆیشی زانایە بە هیدایەت وەرگران) ت/ئاسان.

دەربارەی مانای ئەم ئایەتە عەلی باپیر لە پەرتوکی (بانگەواز بۆ لای خوا سبحانە و تعالی چی یە وچۆن و بەکێ وبۆچی دەکرێ ؟!) دەڵێت:

حیکمە: قسەو کرداری بەجێ، یان بەلێزانی و بە وەستایی و کارامەیی، (الاصابة في القول والعمل).

الموعظة الحسنة: ئامۆژگاری چاك.

وجادلهم بالتی هي احسن: بەکام ڕێبازو بەکام چۆنیەتی یە باشترە بەو شێوەیە وتووێژیان لەگەڵ دا بکە ، وەئەگەر ناچاربووی شەرەقسەو مناقەشەیان لەگەڵ بکە.

15- هاوکاریکردن لەگەڵ ئیدارەی زانکۆ و پەیمانگاکان و پابەندبوون بەو یاسایانەی لەگەڵ ڕۆحی ئاینی ئیسلامدا دەگونجێن.

16- پاریزگاریكردن لەسەر یەكرِیزی و دووركەوتنەوە لە جیاوازی، چونكە ئارەزووی هەمووان ئەوەیە، كە بگەینە حەق و ڕاستی بەو شێوەیەی باشترینە.

17- بەردەوام بیری خۆت و هاورِێكانت بێنەوە، كە ئەو كارەی دەیكەی تەكلیفە نەوەك تەشریف.

18- دووركەوتنەوە لە تۆڵە سەندنەوە ، چونكە لەكاتێكدا، كە كارەكەمان لە بەر خودایە دەبیَ دڵخۆشبوون و تورِەبونیشمان لە بەر خودابێت.

19- دوركەوتنەوە لە كاردانەوە و گەورەكردنی كێشەكان، بەڵكو دەبێت هەركێشەو قەبارەی خۆی بدەیتیَ و بەبەرنامەوە ڕووبەڕووی كێشەكان ببیەوە.

20- دووركەوتنەوە لە كاری بیَ بەرنامەو تێكدەرانە.

21- كاركردن لـەسەر چۆنیەتی نەوەك چەندێتی.

22- دەبێت وتەكان لـەسەر بنەمای ئەقڵ و تێگەیشتن بێت، خودای گەورە دەفەرموویت (وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ)سبأ/24، واتە : ئەی پێغەمبەری خودا بە هەوالْگەران بلێ : ( بێگومان ئێمە ، یان ئێوە لـەسەر ڕێگەی ڕاست و دروستی هیدایەتین ، یاخود لە گومڕاییەكی ئاشكرادا ڕۆچوین!! (خۆتان ببنە دادوەر و حەكەم)) ت/ئاسان.

23- پەیامبەری خودا دڵنیا بوو، كە ئەو لـەسەر ڕێگای ڕاستە ئەوانی تر بێ باوەڕن، بەڵام ئەوە كارامەیی و لـێزانی نییە ڕاستەوخۆ پێیان بلێت ئێوە بێ باوەڕن.

24- بوونی پەیوەندیەكی پتەو لـەگەڵ هاوڕێكانت و یارمەتیدانیان لـەكاتی پێویستی و سەردانیكردنیان لـەكاتی ناخۆشی و نەخۆشی.

25- لابردنی ئەو گومانانەیی، کە دەبێتە هۆی ئەوەی بانگکراو نەتوانێت دەرمان و چارەسەریەکان ببینێت و هەستیان پێبکات، گومانیش دەبێتە هۆی دوودڵ بوون لە راستی ووتەکای بانگخواز و ڕاستی ئەو شتەی بانگی دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی دواکەوتنی وەرگرتن و هەستکردن بە ڕاستی لەلایەن بانگکراوەوە ودواکەوتنی وەڵام دانەوەی بۆ داوای بانگخواز.

# میرات بووە هۆی مسوڵمانبوونی مامۆستایەکی جولەکە

مامۆستایەك لە کۆلێژی یاسا، لە یەکێك لە زانکۆ ئەمەریکیەکانی وڵاتی میسر دەڵێت: لە گفتوگۆیەکدا، مامۆستایەکی جولەکەی پسپۆڕی یاسامان لەگەڵ بوو ، زۆر بە سەختی دابەزیە سەر ئیسلام و مسوڵمانان، منیش ویستم بێ دەنگی بکەم و لێم پرسی: ئایا دەزانی قەبارەی یاسای میرات لە دەستوری ئەمەریکی چەندە؟ وتی : بەڵێ، زیاد لە 80 بەرگ ، منیش پێم وت باشە ئەگەر هاتوو یاسایەکی میراتت بۆ بێنم، کە لە دە خەت زیاتر نەبێت ئایا باوەڕدەکەیت ئیسلام ئاینێکی ڕاستە؟. وتی :ناکرێت شتێکی لەم شێوەیە هەبێت.

منیش ئایەتەکانی میراتم لە قورئان بۆ هێنا و پێشکەشم کرد، دوای چەند ڕۆژێك توشی سەرسوڕمانی کردم کاتێك هات و پێی وتم : ناکرێت مێشکی مرۆڤ پەیوەندیە خزمایەتیەکان بەم شێوە جوانە دابڕێژێت، بێ ئەوەی

كەسێك لـە بیربكات ، پاشان میراتیان بەسەردا دابەش بكات ، بەم شێوە دادگەریە بێ ئەوەی هیچ كەسێك ستەمی لـێبكرێت. پاشان مسولـمانەتی خۆی دابڕێژێت.

# ئامرازەكانی بانگەوازی ئیسلامی لە زانكۆ و پەیمانگاكان

لەگەڵ گەورەیی پەیامی بانگەواز، ئەوا ئامرازەكانی بانگەوازیش زۆرن و هەریەكەو بەگوێرەی شوێنی پێویست دەتوانرێت سوودی لێببینرێت، ئامرازەكانی بانگەواز لە زانكۆ و پەیمانگاكان سنوردارن و دەبێت بە گوێرەی بارودۆخ و ئاستی ڕۆشنبیری زانكۆ و پەیمانگاكان بێت.

نابێت تەواوی تواناكان لە چەند ئامرازێك كورتبكرێتەوە، بەڵكو دەبێت سوود لە زۆرترین بوار وەربگیرێت، وەكو وتار، كاری كۆمەڵایەتی، بڵاوكراوە، پڕۆگرامی ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی شریت و نامەی ئیسلامی، یارمەتی دانی قوتابیان و چارەسەركردنی كێشەكانیان.

لەم باسەدا، بەگوێرەی توانا تیشك دەخەینە سەر ئامرازەكان و دەیكەین بە دووبەشی سەرەكی و بەجیا ڕوونیان دەكەینەوە، ئەوانیش:

1- بانگەوازی تاکی.

2- بانگەوازی بە کۆمەل.

**یەکەم: بانگەوازی تاکی:** بریتیە، لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان بانگخواز و بانگکراو ، کە ئامانج لێیی ئاراستەکردنی بیری بانگکراو و ڕێکخستنی سلوکی بانگکراوە لەسەر بەرنامەی ئیسلام، ئەمەش پێویستی بە وتاربێژی لێهاتوو و زانای تێگەیشتوو نیە، بەڵکو تەنها پێویستی بە مسوڵمانی پابەند بە ئیسلام هەیە، لەڕووی کردار و تێگەیشتنەوە، وەکو خودای گەورەو میهرەبان لەباسی پەیامبەردا دەفەرموێت ( لَقَدْ جَاءكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ) التوبة/128، واتە (( ئەی خەڵکینە) سوێند بە خوا پێغەمبەرێکتان بۆ ڕەوانە کراوە کە هەر یەکێکە لە خۆتان ، زۆر سەختە بەلایەوە تووش بونتان بە

بەڵاو ناخۆشی ، زۆر بە تەنگیشتانەوەیە و پەرۆشە بۆتان ، زۆر دڵسۆزی ئیماندارانە و میهرەبان و دلۆڤانە بۆیان) ت/ئاسان.

یەکەم قۆناغی بانگەواز لە ژیانی پەیامبەر بریتی بوو، لە بانگەوازی تاکی و پەیامبەر بانگی خەڵکی دەکرد بە تاکەتاك و ئەبوبەکری صدیق یەکەم پیاو بوو، کە پەیامبەر ڕووی بانگەوازی تێ کردو ئەویش وەڵامی داوە و بوو بە سەرمەشقی کاروانی بانگەواز لە سەردەمی پەیامبەر و دواتر.

هەروەها کاتێك سەیری ژیانی موصعەبی کوڕی عومیر(ر.خ) دەکەین و لە تواناو لێهاتووی ڕادەمێنین، ئەوا گرنگی بانگەوازی تاکیمان بۆ دەردەکەوێت و بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو بانگخوازە گەورەیە، کە پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) ، وەکو یەکەم سەفیری ئیسلام ناردی بۆ بانگکردنی خەڵکی مەدینە بۆ باوەشی ئیسلام، یەکەم قۆناغی بانگەوازی بە بانگەوازی تاکی دەستپێکردووە، هەروەها ئەم گرنگی پێدانەی

پەیامبەر(صلى الله علیه وسلم) لەسەر بێت و هاوەڵانی بە بانگەوازی تاکی گرنگی ئەم ئامرازانەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، بۆیە ئەگەر لە بارودۆخی زانکۆ و پەیمانگاکان بڕوانین ئەوا دەبینین، کە بەشی زۆری بانگەواز لە زانکۆ و پەیمانگاکان بانگەوازی تاکیە.

بانگەوازی تاکیش چەند قۆناغێکی هەیە و بە گوێرەی بانگخواز و بانگکراو دەگۆڕێت، کە لێرەدا بە گشتی دەیانخەینە ڕوو:

1- قۆناغی یەکەم لە بانگەوازی تاکی لە زانکۆ و پەیمانگاکان بریتییە، لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بانگکراو بە جۆرێك، کە بانگکراو هەستبکات گرنگی پێدەدرێت و ڕێزی دەگریت.

2- قۆناغی دووەم بریتییە، لە هەڵسەنگاندنی باوەڕ لایی بانگکراو، کە بریتییە لە بنچینەی کەسایەتی ئەو کەسە، واباشە سەرەتا ڕاستەوخۆ قسە لەسەر بابەتەکان نەکرێت، بە لکو هەولبدرین ئەو باس و ڕووداوانەی، کە

ڕودەدەن پەیوەست بکرێن، بە باوەڕو بە بەڵگەی قورئان و فەرموودە ڕوون بکرێنەوە ، بۆ نمونە ئەگەر یەکێك لە هاوڕێکان نەخۆش کەوت ، یاخود توشی کارەساتێك بوو ئەوا ئەم باسە بە هەڵوەربگرین بۆ باسکردنی ئیمان و ئارامگرتن و مردن و زیندوو بونەوە لە ڕۆژی دوایی.

هەروەها هەوڵی جوانکردن و شیرینکردنی ئیسلام و مسولڵمانان بدرێت لای بانگکراو.

3- قۆناغی سیٚ یەم بریتییە، لە ئاراستەکردنی بانگکراو بۆ چاکسازی کردن لە لایەنی پەرستش و ڕەوشت و ئاکار ، لەوانەیە بەشێکی زۆر لە قوتابیان ئەو پەرستشانەی ئەنجامیدەدەن پرییێ لە هەڵەو کەم و کورتی، وهەروەها نوێژەکان بە کۆمەڵ ئەنجامنادەن هەرچەندە، ئەگەر مزگەوتیشیان لێ نزیك بێت، بۆیە دەتوانرێت لەو ڕێگەیەوە و بە پێدانی پەرتووك وناميلكە و

شریت و بوونی وانەیی ئاینی ئەو کەم و کورتیانەی هەیە لە پەرستشەکان نەیانهێڵین.

یاخود زۆرجار قوتابی هەیە، نوێژ دەکات و ڕۆژی دەگرێت، بەڵام لە کۆلێژ بەردەوام خەریکی گاڵتەو گەپی ناشەرعیە و کاتەکانی بە شتی بێ سودو تەعلیقدان لە ڕەگەزی بەرامبەر دەباتە سەر، و لە گەڵ کەسانی خراپ هاوڕێیەتی دەکات. بۆیە دەبێت بۆی ڕونبکریتەوە، کە ئەوەی دەیکات حەرامەو لە پیشەو ڕەوشتی مرۆڤی بڕوادار نییە، دەبێت لێیان دووربکەوێتەوە، ئەویش بە ناساندنی بەچەند قوتابیەکی خوداپەرست بۆ ئەوەی بواری گەڕانەوەی بۆ کارەکانی پێشوو کەمبکرێتەوە.

4- لە قۆناغی چوارەمدا، پێویستە لەسەر بانگخواز لەم قۆناغەدا هەڵسێت بە ڕوونکردنەوەی شمولیەتی ئیسلام و ڕایبگەینێت، کە ئیسلام تەنها کۆنەبۆتەوە لە نوێژو ڕۆژوو، بەڵکو دەبێت لە هەموو بوارێکی بچوك و

گەورەی ژیانت بە گوێرەی ئیسلام بڕیاربدەیت وهەموو هەڵسوکەوتێکت بە گوێرەی ئیسلامبێت.

5- لە قۆناغی پێنجەمدا، پێویستە لەسەر بانگخواز، کە ڕوونی بکاتەوە ئیسلام تەنیا بریتی نیە، لە پەرستش و ڕەوشتی جوان بەڵکو دەبێت ئیسلام بریتی بێت لە ئاینی کۆمەڵگاو سیستەمی ژیان، حیکمەت و یاسادانان، بیرو باوەڕ و ڕەوشت، دەوڵەت، سیاسەت، جیهاد و یەك ئوممەتی.

بۆیە ئەگەر بەم شێوەیە لە ئیسلام گەیشت ئەوا تێگەیشتنێکی تەواوی بۆ دروستدەبێت، لە داهاتوو دا زۆر بابەتی ترمان لەسەر شان ئاسان دەکات.

6- بانگخواز لەسەریەتی لە قۆناغی شەشەم دا، مێژووی سەرهەڵدانی بانگەوازی ئیسلامی و قۆناغەکانی تێپەڕینی بۆ بانگکراو ڕوون بکاتەوە، هەروەها ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەش ڕوون بکاتەوە کەنراوە بۆ گەڕانەوەیی دەسەڵاتی ئیسلامی و پێویستیشە لە داهاتوودا بنرێت، ئەو هەوڵانەش

پێویستی بە تێکۆشان و زانست و زانیاری زۆر و گۆڕانکاری و چاکسازی لە خود دا هەیە، بۆ ئەوەی لەئاستی هێزەکانی بەرامبەر دابێت، هەروەها ڕوونی بکاتەوە لەکاتی پابەندی بەئیسلامەوە چۆن دۆست و دوژمن ملکەچی دەسەڵاتی ئیسلامی بوون؟ بە ڵام لەو کاتەوەی مسولْمانان لە ژێر ملکەچی ئارەزووەکانیان دەژین کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی دوژمنان، ئەمەش هەمووی بە دەست گرتنی دونیاو دوورکەوتنەوە لە کارکردن بە پەرتوکی خودا و سونەتی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و وازهێنان لە جیهاد بووە، وەك پەیامبەر (صلى الله علية وسلم) دەفەرمووێت: إذا تبايعتم بالعينة وأخذتم أذناب البقر ورضيتم بالزرع وتركتم الجهاد ، سلط الله عليكم ذلاً لا ينزعه عنكم حتى ترجعوا إلى دينكم.

هەروەها دەفەرمووێت: وجعلت الذلة والصغار على من خالف أمري.

و دەفەرموویت :ولينزعن الله المهابة منكم من قلوب أعدائكم وليقذفن الله في قلوبكم الوهن قالوا : ما الوهن ؟ قال حب الدنيا وكراهية الموت ...

7- قۆناغی هەفتەم بریتییە، لەوەی، کە لەسەر بانگخوازە ئەو ڕاستیە بۆ بانگکراو ڕوون بکاتەوە، کە خودا پەرستی تەنها بە زانست و زانیاری دەبێت، بۆیە دەبێت هەموو هەوڵێکمان بخەینە ڕوو بۆ فێربوونی زانست و زانیاری.

8- گرنگترین قۆناغ، کە کۆتا قۆناغە و پێویستە ئەنجامبدرێت بریتی یە لە بەسەرکردنەوەی بانگکراو و سەر لێنەبڕینی بۆ ماوەیەکی زۆر، چونکە زۆر جار سەرلێبڕینی دەبێتە هۆی ئەوەی بانگکراو بگەڕێتەوە سەر کارەکانی پێشوی.

ئەم قۆناغانەی سەرەوە، بە گوێرەی بارودۆخی بانگخواز و بانگکراو دەگۆڕێت و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تریش جیاوازە، بۆیە دەبێت بانگخواز بە ژیری و کارامەی هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ دۆخی بانگکراو و نابێت کارێکی وابکات توشی کاردانەوەی بێت.

وەکو، ئاشکراشە ئامرازەکانی ڕێنوێنی و لێزانی و ئامۆژگاری چاك و دڵسۆزی بۆ بانگەوازی ئیسلامی ئەوەیە، کە بەشاراوەیی و تاکی بێت، هەروەك ئیمامی شافعی لە هۆنراوەیەکدا دەفەرمووێت:

تعمدني في النصيحة في انفرا وجنبني النصيحة في الجماعة
فإن النصح بين الناس نوع من التوبيخ لا أرض استماعه
وإن خالفتني وعصيت أمري فلا تجزع إذ لم تعط طاعة

## سودەکانی بانگەوازی تاکی:

1- وەکو لە قۆناغەکانیدا باسمانکرد، بانگەوازی تاکی دەبێتە هۆی پەروەردەیەکی تەواو بێ کەم وکورِی لە لایەنەکانی ژیان، کە ئەمەش بە شمولیەت ناسراوە لە پەروەردەدا، چونکە لە ئامرازەکانی تری بانگەواز بەدواداچونی تەواو بۆ هەموو هەنگاوەکانی تاك ناکرێت، بۆیە لە بانگەواز لە زانکۆ و پەیمانگاکان دا باشترین رِێگا بریتی یە لە بانگەوازی تاکی.

2- لە بانگەوازی تاکی دەتوانین وەڵامی هەموو گومانەکان بدەینەوە، کە رِوبەرِومان دەبێتەوە و لە ئامرازەکانی تر ناتوانین وەڵامیان بدەینەوە.

3- دەتوانین بانگی ئەو کەسانە بکەین کە نایانەوێت گوێ لە بانگەواز بگرن، هەروەها ئەو کەسانەی نکۆڵی لە ئیسلام دەکەن و بە دواکەوتووی دادەنێن.

4- ئەم ئامرازەی بانگەواز پێویستی بە زانست زانیاریەکی زۆر نیە (ئەمەش سیمای زانکۆ و پەیمانگاکانە) ، بەڵکو پێویستی بە لێزانی و کارامەیی هەیە.

5- لە بانگەوازی تاکیدا توشی معانات و ناخۆشی زۆر نابیتەوە، هەموو کەسێك دەتوانێت لە سنوری کارەکەی خۆی پێی هەڵسێت.

## چەند خاڵێکی گرنگ لە بانگەوازی تاکی:

1- تواناکانت لە یەك بواری بانگەواز کۆمەکەوە، بەڵکو بە هاورێکی گرنگی بە هەموو بوارەکان بدە.

2- نابێت بانگەواز ببێتە هۆی دابڕانت لە خوێندن و کرداری چاك.

3- دوور کەوتنەوە لە کاری تاکی، بەڵکو باشتر وایە بەشێوەی کۆمەڵ کارەکان ئەنجامبدرێت ولە ژێر ڕێنمای کەسێك بێت.

4- نابێت، وەکوکەسانێك بین، کە بەناوی بانگەوازەوە چەندان کاری خراپ و ناشەرعی ئەنجامدەدەن کاتێك لەبارەیانەوە پرسیاریان لێدەکەیت، دەڵێن بۆ مەبەستی لەیەك نزیك بوونەوە و تێکەڵاویە.

5- لەکەسێك دوور بکەوە کاریگەری لەسەرت هەبە وناتوانیت ئامۆژگاری بکەیت.

6- کارەکان بە شێوەی ڕێکخراو ئەنجامبدەن لەگەڵ بانگخوازانی تر.

7- لە نزیکەکانتەوە دەست پێبکە و سەرەتا ئەوان بانگ بکە.

# ئەو بانگخوازەی زمان نەبووە رێگر لە بەردەم بانگەوازەكەی

بانگخوازێك بیری لە رێگایەك كردەوە بۆ ئەوەی بانگی ئەو خەڵكانە بكات، كە

لە زمانیان ناگات، بۆ ئەم مەبەستە هەڵسابە دانانی ئەو پەرتوكانەی باسی بانگەوازی

ئیسلامی دەكەن بە زۆرێك لە زمانەكان، لە ناو سندوقی ئۆتۆمبێلەكەی و

تابلۆیەكی لە ئۆتۆمبێەكەی بەست و تیایدا بە چەند زمانێك نووسی (ئەگەر

دەتەوێت دەربارەی ئیسلام بزانیت ئەوا بمەوەستێنە)، بۆیە هەركەسێك

دەیوەستاند

بێ ئەوەی لە زمانی بگات، ئەوا سندوقی ئۆتۆمبێلەكەی بۆ دەكردەوەو

ئەویش

ئەو پەرتوکەی هەڵدەبژارد، کە لەزمانی خۆی بوو

**دووەم: بانگەوازی بە کۆمەڵ:** بانگەوازی بە کۆمەڵ فرەلایەنە و زۆر بواری ژیان دەگرێتەوە، زۆرێکیان بە یەك کەس ناکرێن و پێویستیان بە تواناکانی کۆمەڵێك کەس هەیە بۆ ئەنجامدانیان ، وەکو وتاردان ، وانە ، چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی نامیلکە و پەرتوك و شریتی ئاینی و ڕۆشنبیری ئیسلامی.

لێرەدا بە کورتی هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

1- وتار وکۆڕ و وانە: بە هاوبەشی، لەگەڵ هاوڕێکانت هەڵسن بە سازدانی کۆڕ و دانانی وانە لای مامۆستا و قوتابیانی زیرەك و پێشەنگ.

2- هاوڕێکانت بانگێشتی ئەو کۆڕ و سیمینارانە بکە ،کە ئەنجامدەدرێن.

3- لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەوڵبدە، لە هاوپۆلەکانت نزیك ببیتەوە و بەهارە گەشت وچالاکی ڕۆشنبیری بەکۆمەڵ ئەنجام بدەن.

4- لە بۆنە ئاینیەکاندا، چالاکی ئاینی ئەنجامبدەن و راستیەکانی ئیسلام بۆ قوتابیان ڕوون بکەنەوە.

5- دابەشکردنی نامیلکە و بلاوکراوە لەناو قوتابیان.

6- بڵاوکردنەوەی شریتی ئاینی، وتار، پەرتووك و نامیلکەی ئەلیکترۆنی لەسەر مۆبایل.

7- سوود وەرگرتن لە هۆکارەکانی زانیاری نویێ، وەکو ئینتەرنێت و مۆبایل.

8- هەوڵبدە ئیمەیلی هاوڕێکانت وەربگریت و بابەتی ئاینی و زانستیان بۆ بنێریت.

9- لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە دەتوانیت بگەیتە کۆمەڵێکی زۆری خەڵك، بۆیە هەوڵبدە لە گەڵ هاوڕێکانت پەیج و پێگەی تایبەت بە بانگەوازی ئیسلامی دروستبکەیت، ئەویش بۆ گۆڕینی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە بەکارهێنانی خراپ بۆ بەکارهێنانی باش.

10- ناردنی ئیمەیڵ و وێبسایتە ئیسلامیەکان بۆ هاوڕێکانت.

11- دانان و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی ئاینی بۆ مۆبایل و کۆمپیوتەر.

12- دروستکردنی گروپ و لیژنە بۆ ئەوەی مانگانە پارەو یارمەتی بۆ قوتابیانی هەژار کۆبکەیتەوە، یاخود پڕۆژەی خێرخوازی ئەنجامبدەن.

13- دروستکردن و بلاوکردنەوەی مەتویەی ئاینی .

14- ناردنی نامەی ئاینی، کە تیایدا ئاگادارکردنەوەو باسی لەخواترسانی تیابێ.

15- هەڵواسینی پۆستەراتی ئاینی لە تابلۆکانی زانکۆ و پەیمانگاکان.

16- کردنەوەی پێشانگای پەرتوك لەسەر ئاستی کۆلێژ و زانکۆ و پەیمانگاکان.

ئەم خاڵانەی باسمانکرد، مشتێکە لە خەرمانێك لە ئامرازەکانی بانگەوازی ئیسلامی، بۆیە هەرکەسێك لە ئێوە دەتوانێت چەندان ئامرازی تر بەکار بهێنێت، بەمەرجێك بگونجێن لە گەڵ ناوەڕۆکی شەریعەت و تیایدا دەنگی ئیسلام بگەینێت بە گشت قوتابی و خوێندکارێك.

# گومانەکانی بەردەم کاری بانگەواز

1- دواخستنی کاری بانگەواز، بەشێك لە قوتابیان ولاوان دەڵێن (با خوێندن تەواو بکەین، دوای تەواوکرد ماستێر و دکتۆرا، دوای پێکهێنانی هاوسەرگیری، دوای دۆزینەوەی کار.......). ئینجا دەستدەکەین بەکاری بانگەواز، بەڵام دوای تەواو بوونی ئەم بیانووەش کاتێك دەچیەوە لایان دووبارە بیانووێکی تریان ئامادەیە.

ئەمەش کەمی ئیمان و بێهێزی کەسەکە نیشاندەدات، چەنکە کاری بانگەواز کات و شوێن ی تێدانیە، بەڵکو تەنها جیاوازی ئامرازی تێدایە، پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) لەسەربێت دەفەرموویێت (بلغوا عنی ولو ایه).

2- زۆر کەس بە بیانووی ئەوەی پەرستشەکان دەکەن و زانستی ئاینی دەخوێنن وگوناه وتاوان ئەنجام نادەن خۆیان لە کەسانی تر بەباشتر دەزانن، هەروەها

لەبارەی بانگەوازەوە دەلێن مادام هەندێك کەس هەن بەو کارە هەڵدەستن پێویست ناکات خۆم بەو کارە خەریك بکەم.

بۆیە پێویستە ئەو کەسانە بکەنە پێشەنگ کە ژیانی خۆیان لەسەر بانگەواز داناوە و شەوو ڕۆژ پشویان لە خۆیان قەدەغە کردووە بۆ ئەو کارە.

3- زۆر کەس وەڵامت دەداتەوە و دەڵێت: من گونجاو نیم بۆ کاری بانگەواز، من چەندان هەڵەوە کەم وکوڕیم تێدایەو کەسایەتیەکی کاریگەرم نیە بەسەر خەڵکەوە، ئەم جۆرە تێڕوانینە تێڕوانینی کەسی لاواز و ڕووخاوە لە ڕووی دەرونییەوە، کەسێکی بێ ئەزموون، کەسێك کە شەیتان وای خستۆتە بیرو وا تێگەیشتووەکە کەسی بانگخواز کەسێکی نمونەیی تەواوە ...... ، و هەرگیز ناگاتە ئاستی ئەو کەسە.

لە ڕاستیدا هەموومان هەڵەو کەم و کوڕیمان تێدایە ، بە لام ئەوەی گرنگە لە ژیاندا کەسێکی واقعی بیت نەوەك کەسێکی خەیاڵی، بانگەواز زۆر

ئامرازو ڕێبازی تێدایە ئەگەر بۆ یەکێکیان گونجاونیت بە دڵنیاییەوە بۆ یەکێکی تر گونجاویت، هەموو خەڵکیش نابێت لەیەك بوواردا کار بکات.

4- ئەمەش لە ئەنجامی ترس و لاوازی کەسایەتی دروست دەبێت، کاتێك کەسێك لە بانگەواز دوور دەکەوێتەوە، چونکە دەڵێت ئەگەر ئەم کارە بکەم ئەوا توشی سزاو ئەشکەنجە و گرتن دەبم، یاخود لە کۆلێژ سەرناکەوم و مامۆستاکان یارمەتیم نادەن، یاخود دوای دەرچوونم دانامەزرێم.

ئەگەر قەدەری خودا بۆ بەندەکانی ناخۆشی بێت ئەوە باشترین ناخۆشی ئەوەسە لە پێناوی دینی خودابێت، بۆیە ئارامگرتن لە هەموو کاتێکدا پێویستە بۆ کەسی مسوڵمان، خودا دەفەرمووێت ( الَّذِينَ يُبَلِّغُونَ رِسَالَاتِ اللَّهِ وَيَخْشَوْنَهُ وَلَا يَخْشَوْنَ أَحَدًا إِلَّا اللَّهَ وَكَفَى بِاللَّهِ حَسِيبًا) الاحزاب/ 39 ، واتە) ئەوانەی کە پەیامەکانی خوا دەگەیەنن و لەو

دەترسن و جگە لەو لە هیچ کەسی تر ناترسن ، خوا خۆی بەسە کە پاداشتی چاکەکاران بداتەوە و لە بێ باوەڕانیش بپرسێتەوە) ت/ئاسان.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە مرۆڤ خۆپارێزی نەکات وگوێ بە هیچ شتێك نەدات، بەڵکو مانای بەردەوامبوونە لەسەر بانگەواز ، گەر بتەوێت خودا پەرستی بکەیت بێ ئەوەی ئازار بچێژی و ناخۆشیت بێتە رێ، ئەوا دەبێت لە باوەڕی خۆت بترسیت ، ئەگەر سەیری ژیانی پەیامبەران و پێشەوایان و هەڵگرانی بانگەواز بۆ لای خودا بکەیت ، ئەوا دەبینیت ژیانیان پڕبووە لە دەردەسەری وناخۆشی ، بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتداری زۆردار و بێباوەڕان ئازاردراون، سوکایەتیان پێکراوە.

سەعیدی نورسی باس لە ئازارەکانی ژیانی خۆی دەکات و دەڵێت ( تەمەنم گەیشتە هەشتا ساڵ وهیچ یەك لە خۆشیەکانی دونیا نەما نەم چەشتبێت ، ژیانم بەسەر برد لە سەنگەرەکانی جەنگ ، زیندانەکان ، یاخود ژێرزەمینی

حاکم و دەسەڵاتدارەکانی وڵات ، هیچ ناخۆشی و ئازارێك نەما نەیچێژم ، هەڵسوکەوتی دوژمنکارانەم لەگەڵ کرا لە دادگا سەربازیەکان، لەخاکی خۆم دەرکرام و دوورخرامەوە وەکو ئاوارەکان ، بەچەندان مانگ تێکەڵبونی خەڵکم لێ قەدەغەکرا، هەموو جۆرە سوکایەتیەکم پێکرا، زۆر جار هەبوو مردنم بە هەزاران جار لەم ژیانە پێخۆشتر بووە، ئەگەر ئاینەکەم خۆکوشتنی لێ قەدەغەنەکردبام، ئەوا لەوانە بوو ئێستا سەعید خۆڵ بوایە لەژێر خۆڵ).

هەر لەسەر ئەم باسە چیرۆکی گەنجێك سەرنجی ڕاکێشاوم، کە بێ ترس وبە ئاشکرا ووتی من مسوڵمانم، ئەویش لە پەرتووکی (الدعوة الی الله توجیهات والضوابط) ی د.عبدالله خاگر دا هاتووە و دەفەرموویێت( لە باشووری بەریتانیا گەنجێکی بەریتانیم بینی، تازە مسوڵمان ببوو، دوای مسوڵمان بوونی ئەم گەنجە دەیویست بۆ چاوپێکەوتن بۆ کاریکی نوێ

سەردانی وڵاتێکی تر بکات، پێش ئەوەی سەردانەکەی ئەنجامبدات، سەردانی کۆمەڵەیەکی ئیسلامی کردبوو لەوێ دەربارەی کارە نەێیەکەی پێیان وتبوو ئەگەر پرسیاریان لێکردی لە کاتی چاوپێکەوتن مەڵێ مسوڵمان بووم نەوەك زیانت پێبگات و وەرت نەگرن.

سێ هەفتە دوای ئەوەی گەنجەکە مسوڵمانەتی خۆی ڕاگەیاند، سەردانی وڵاتەکەی کردو لەکاتی چاوپێکەوتن وتی: من ئاینی خۆم گۆڕیوەو بووم بە مسوڵمان، هەروەها ناویشم گۆڕیووە لە (رۆد) ەوە بۆ (عمر)، ئەگەر لەم کارەم وەربگیرێم دەبێ شوێنێکی تایبەتم بۆ دابین بکەن بۆ نوێژکردن.

دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی داوای کاریان کردبوو، بەڕێوەبەرانی کارەکە بڕیاریاندا تەنها ئەو گەنجە مسوڵمان وەربگرن، ئەویش لەبەر هۆکارێکی سەیر، وتیان(ئیمە پێویستمان بە کەسێکبوو کە توانای بڕیاردانی هەبێت، تۆش ئەم توانایەت تێدایە، توانیوتە بڕیاری گۆڕینی( ناو و

ئاین)ت بدەیت)، هۆکاری وەرگرتنەکەی تەنها ئەوەبوو، کە شانازی بە ئاینەکەی کرد و وتی من مسوڵمانم.

ئەمانەو چەندان گومانی تر دەخرێنە بیری گەنج وقوتابیەکانمان، بۆ ئەوەی لەکاری بانگخوازی دووریان بخەنەوە.

# چەند پێشنیارو ڕاسپاردەیەك بۆ بەرەو پێشچوونی بانگەوازی ئیسلام لە زانکۆ و پەیمانگاکان

1- بزانە ، کە: ڕێنوێنی کردن لای خودایە ( إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ) القصص/ 56 ، مرۆڤ تەنها لەسەریەتی کە هۆکارەکان بگرێتەبەر و ڕێگاکان تاقی بکاتەوە بۆ بانگەواز کردنی خەڵك ، بۆیە ئەنجام لەلای ئێمە نیە بەڵکو لای خودایە.

هەموومان چیرۆکی حەزرەتی نوح و کوڕەکەی دەزانین، کە چۆن حەزرەتی نوح نەیتوانی ڕێنوێنی کورەکەی بکات ، بۆیە مرۆڤ نابێت خەم لە ئەنجامەکەی بخوات ، بە لکو ئەو پاداشت وەردەگرێت لە بەرامبەر کارەکەی نەوەك ئەنجامەکەی( فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ ) فاطر/ 8.

2- کاتە کەمەکان بەهەند وەربگرە و لە دەست خۆتیان مەدە، چونکە هەر ئەو ماوە کەمەی لەبەر دەستتە توانای کارکردنت هەیە ، تاکە شوێنێك ، کە بتوانیت کاری تیابکەی ئەم دونیایەیە، پاشان ئەنجام و بەروبومەکەی وەردەگریتەوە.

(محمدی کوڕی ابی توبە) دەگێڕێتەوە، جارێکیان مەعروفی کەرخی قامەتی نوێژی خوێند و داوای لەمن کرد پێش نوێژیان بۆ بکەم و وتی:پێشکەوە.

منیش وتم: تەنها ئەم جارە من پێشدەکەوم لە نوێژێکی تر من پێش ناکەوم، ئینجا مەعروفی کەرخی پێیوتم : پەنا بەخودا وا قسەدەکەی دەڵێی دەمێنی تا نوێژێکی تر، خودایە بمان پارێزی لە هیوا درێژی، چونکە وامان لێدەکات لە کاری چاکە دووربکەوینەوە).

بۆیە پێویستە کاتی دەستبەکاربوونت بۆ کاری بانگەواز ئێستا بێت.

3- بانگخواز لەسەریەتی هەموو ئامرازوو ڕێبازێك، کە لەگەل ناوەڕۆکی شەریعەت تێکناگیرێت بەکاربهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی .

4- ئامرازەکانی بانگەواز نەگۆڕنین، بەڵکو بانگخوازی زیرەك بە گوێرەی کات وشوێن وکەسەکە وبارودۆخەکە دەیگۆڕێت.

5- باشترین ئامرازی بانگەواز بریتییە لەخورەوشتی بانگخواز و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی، ئەویش بە بونی بە پێشەنگ.

6- پێشنیار دەکەم بۆ ئەو کەس ولایەنانەی بەکاری بانگەواز هەڵدەستن لە کوردستان، بۆ کۆکردنەوەی تواناکانیان لە زانکۆ و پەیمانگاکان و باسنەکردنی جیاوازیەکانیان، هەروەها پێشنیار دەکەم بەشێوەی کۆمەڵ کار بکەن و لیژنەی هاوبەش لە نێوانیان درووستبکەن، بۆ سەرپەرشتیکردنی کاری بانگەواز.

7- کەمکردنەوەی ناکۆکیەکان لە نێوان لایەنەکانی بانگەواز و پیشاندانی نمونەیەکی جوانی برایەتی ئیسلامی بەڕووی بانگکراو.

8- هەروەها پێشنیار دەکەم هەوڵبدرێت بۆ دروستکردنی سەنتەر و پەیمانگای تایبەت بە ڕاهێنانی قوتابی بانگخواز، بۆ ئەوەی لە کێشەی کەمی کەسی بانگخواز دووربکەوینەوە.

# چەند چیرۆکێکی ڕاستەقینە

## یەکەم: بچوکترین قوتابی، کە ماجستێری بەدەستهێنا ، بوو بە بانگخواز.

لەکاتی پێشوازی بەرێوەبەری زانکۆ پیرۆزبای لە جێف کرد بەبۆنەی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر بە پلەی نایاب وپلەی شەرەفی یەکەم، هەروەها بەبۆنەی ئەوەی بچوکترین قوتابی یە لە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە بڕوانامەی ماجستێری بەدەست هێناوە، ئەمەش یەکەم جارە لەمێژووی ئەم زانکۆیە ڕوودات، بەلێنی پێدا لە ئاهەنگی دەرچوونی کۆتایی سالْ مەراسیمێکی ڕێزلێنانی تایبەتی بۆ بکەن.

ئەو هەواڵە هیچی لە خەم و پەژارەی جێف کەم نەکردەوە، بە خەمباری نووسینگەی بەڕێوەبەری زانکۆی جێهێشت، ئەمەش دیمەنێکی کەم وێنەیە

چونکە قوتابی لەم کاتانەدا خۆشترین هەستی هەیە، کە بە ئەمەریکی زۆر جار دەڵێن (یاهوووو YAHOOOO) یاخود ( alright ئەڵرِاییت)، ئەم دیمەنەی جێف سەرنجی بەرِێوەبەری زانکۆی رِاکێشا، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو بەرامبەری.

لەکاتی دیاریکراو دا جێف لە ئاهەنگەکە ئامادەبوو و جلێکی تایبەتی لەبەر بوو، هەروەها جلی تایبەت بە ئاهەنگی دەرچوونی لەبەر کردبوو، لە شوێنی تایبەت دانیشتبوو، لە هەموو لایەکەوە باس باسی جێف بوو و بە زیرەکی و لێهاتوویی جێفییان هەڵدەدا.

جێف لەنێو ئاپۆرِای پیرۆزبای هاورِیٚ و خۆشەویستانی چوو بۆ شوێنی سەرەکی دابەشکردنی برِوانامەکان بۆ وەرگرتنی برِوانامەکەی، لەکاتی رِاوەستانی بەرامبەر بەرِێوەبەری زانکۆ جێف خۆی پیٚ نەگیراو دەستی کرد بە گرییان.

بەڕێوەبەری زانکۆ پێی وت: تۆ دەگرییێ وەکو دەربڕینی کەیف خۆشیت بۆ ئەم ساتە خۆشەی تیایدای.

جێف وتی: نەخێر من دەگریم لە بەر ئەوەی دڵم زۆر توندە.

بەڕێوەبەری زانکۆ پێی سەیر بوو ووتی : بۆچی کوڕم ؟ تۆ پێویستە ئێستا دڵخۆشبیت بەتایبەتی لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ.

جێف وەڵامی دایەوەو وتی: وامزانی بەبەدەستهێنانی ئەم دەستکەوتانە دڵ خۆش دەبم، بەڵام ئێستا تێگەیشتووم، کە من هیچ کارێکم بۆ بەختەوەری خۆم نەکردووە و هەست بە دڵ تەنگییەکی زۆر دەکەم ، بڕوانامە و دەستکەوت و پلەی زانستی بەختەوەرییان پێ نەبەخشیم.

جێف بڕوانامەکەی وەرگرت و پێش ئەوەی ئاهەنگەکە کۆتاییبێت شوێنەکەی بە ڕاکردن جێهێشت ، ڕووی کردەماڵەوە و لە ڕێگادا بڕوانامەکەی لەناو دەستدا ڕاست و چەپ پێدەکرد و دەیووت چیت لێ

بکەم ؟ منت کردە کەسێکی بەناوبانگ و خاوەن پلە وپایە و خاوەنی پیشەیەکی باش، خەڵك و دەزگاکانی ڕاگەیاندن چاوەڕوانی منن بۆ باسکردنی دەسکەوتەکانم، بەڵام من بەختەوەریم دەویست کەچی پێتنەبەخشیم، من دەمەویێت بەختەوەربم نامەوێت بەناوبانگ بم، بەختەوەری لەناوبانگ و ماڵ و سامان نەبوو، لە ڕابواردن و هەڵپەڕین نەبوو ، ئەو شتانەی کە خەڵك هەوڵی بۆ دەدەن بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری من هەمموو بەدەست هێنا، بەڵام هەر بەختەوەر نەبووم، ئەی خودایە چی بکەم ؟

چەند ڕۆژێك تێپەڕی جیَف زیاتر دڵی تەنگ دەبوو، بۆیە بڕیاری دا ئەم دڵ تەنگیە کۆتایی پێبێنێت و سنورێك بۆ ژیانی دابنێت، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیاری دا کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێت و خۆی لەسەر گەورەترین پردی ئەمەریکا فڕێ بدات، کەناسراوە بە (گۆڵدن کیی) وبەمانای کلیلە

زێڕینەکان دێت، بەیەکێك لە نیشانە زانستی و تەکنیکیەکانی شارستانیەت دادەنرێت لە ئەمەریکا.

جیف ڕۆیشت بۆ سەر پردەکە بۆ ئەوەی خۆی فرێبداتە خوارەوەو کۆتای بە ژیانی خۆی بێنێت، نزیك دەرگای سەرەکی پردەکە چەند گەنجێکی لێبوو، ئەم گەنجانە بەشێك بوون لەو گەنجە مسوڵمانانەی ژیانی خۆیان تەرخانکردبوو بۆ بانگەوازی ئیسلامی، بۆ خوێندن سەردانی ئەمەریکایان کردبوو، لە ژوورێك دەژیان کە کەوتبووە ژێر کەنیسە لە نزیك دەرگای سەرەکی پردەکە، سەیرکە ئاستی نەبوونیان گەیشتبووە ئەو ئاستەی، توانای بەکرێ گرتنی ژوورێکی باشتریان نەبوو بۆیە لەژێر کەنیسە دەژیان.

ئەمانە هیچ کات بیریان لە ژیانیان نەکردۆتەوە، چونکە خەمی سەرەکی و کاری سەرەکی ئەوان تەنها بانگەوازی ئیسلامییە ، خەمییان گەڕانەوەی خەڵکە بۆ باوەشی ئیسلام و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی یە لە تاریکای و

گومڕای بۆ نێو باوەشی ئیسلام، خەمییان بانگکردنی خەڵکە بە باشترین و جوانترین شێوە ، دەیانەوێت ببن بە نمونە بۆ گەنجی مسولّمان، مانەوە و دەرچونیان لەماڵ بۆ خێر بەکاردێنن ، بەمانەوەیان لە ماڵ کاتەکانیان دابەشکردووە بۆ خوێندن و لێکۆلینەوە لە بانگەوازی ئیسلامی ، کاتێکیش دەردەچن لە ماڵ تامەزرۆن بۆ ڕزگارکردنی کەسێك لە ئاگر ، سیماو ڕوخساریان بە ڕوناکی ئیمان ڕوناك بۆتەوە و بەردەوام ڕوویان دەدرەوشێتەوە.

کاتێك جێف لە دەروازەی پردەکە نزیك بۆوەو چاوی پێیانکەوت سەرنجی ڕاکێشان، چونکە یەکەم جاربوو کە کەسانێك بەم شێوە و ڕوخسارەببینێت، یەکەم جاربوو کەسانێك بەم جل وبەرگە جیاوازە ببینێت، کەسانێکی بینی کەتەنها بەیەکم سەیرکردن دلّی بۆ لای خۆی کێش کردن ، بۆیە لێیان نزیك بۆوەو پێیوتن:دەکرێ پرسیارێکتان لێبکەم؟

یەکێکیان وەڵامی داوە و وتی :بەڵێ فەرموو.

جێف ووتی: ئێوە کێن ئەم جۆرە جل وبەرگەتان لەبەردایە؟!

یەکێك لەگەنجەکان: ئێمە مسولمانین ، خودای گەورە محمد(صلی الله علیه وسلم) ی بە پەیامبەر بۆ ناردووین بۆ ئەوەی خەڵك لە تاریکیەوە دەربێنێت بۆ ڕووناکی و مرۆڤەکان بەختەوەر بن لە دونیا و دوارۆژ.

کاتێك جێف گوێی لە وشەی بەختەوەری بوو ووتی :بەختەوەری ؟ من لە بەختەوەری دەگەڕێم ئایا لای ئێوە هەیە ؟

وەڵامیان دایەوە و وتیان :ئاینی ئیسلام ئاینی بەختەوەریە ، ئاینێکە هەمووی خێرو چاکەیە ، لەگەڵمان وەرە بەڵکو خودا ڕێنوێنیت بکات و چێژی بەختەوەری بچێژیت.

ئینجا جێف پێی وتن: لەگەڵتان دێم بۆ ئەوەی بزانم ئایا بەڕاستی ئەو بەختەوەریەی بانگەشەی بۆ دەکەن بەختەوەری ڕاستەقینەیە....؟ کەمێك لەمەوبەر دەمویست خۆم بکوژم......! دەمویست خۆم لەسەر ئەم پردە فڕێ بدەمە خوارەوە و کۆتایی بە ژیانی خۆم بێنم، چونکە من بەختەوەریم نەدۆزییەوە نەلە ماڵ وسامان، نە لە ئارەزوو و ڕابواردن، نە لەو بڕوانامەیەی بەدەستم هێنا.

دووبارە وەڵامی جێف یان دایەوەو وتیان: وەرە لەگەڵمان، فێری ئاینەکەمانت دەکەین، بەڵکو خودایی گەورە دڵت ئاودێر بکات بەشیرینی باوەڕو چێژیی خوداپەرستییەکان، بەڵکو خودایی گەورە بەختەوەیت پێ ئاشنا بکات ، هەر خودایە، کە توانایی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

جێف لە گەڵ گەنجە مسوڵمانەکان(گەنجە بانگخوازەکان) ڕۆیشت، کاتێك گەیشتنە شوێنی نیشتەجێبوون(کە بریتی بوو لە ژوورێك، کە لەهەمان کاتدا

کردبوویانە شوێنی نوێژکرد) ، دەستیانکرد بە ڕوونکردنەوەی ئیسلام بۆ جێف ، باسی گەورەیی ئیسلامیان دەکرد، باسی دادگەری ئیسلامیان دەکرد ، باسی مەبەستەکانی ئیسلامیان دەکرد.

دوای ماوەیەك باسکردنی ئیسلام لەلایەن گەنجەکانەوە جێف وتی:ئەمە ئاینێکی باشە ، سوێند بەخوا نارِۆم تاوەکو نێمە سەر ئاینی ئێوە.

جێف مسولّمانبوونی خۆی ڕاگەیاند، دەستی کرد بە خوێندنی ئیسلام لەلایی گەنجەکان، هەروەها دەستی کرد بە ئەنجامدانی فەربزەکانی ئیسلام، جێف ئەو بەختەوەریەی ونیکردبوو لە ئیسلام دۆزییەوە، بەختەوەرییەکەی لە خۆشەویستی خوا و پەیامبەرەکەی بوو.... جێف بەوەش بەختەوەر بوو، کە بووە یەکێك لە بانگخوازەکان لە ولّاتی ئەمەریکا، ناوی خۆی گۆڕی بۆ (جەعفەر) ، لە سیرەدا هاتووە پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) بە جەعفەری کوڕی ئەبی تالّیبی ئامۆزای ڕاگەیاند کە لەبەهەشت بە دوو بالّ

دەفڕێت، ئێستاش جەعفەری ئەمەریکی بە بەدەستهێنانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە دوو باڵی بەختەوەری و ئاسوودەیی لە ژیان دەفڕێت و ژیان و تەمەنی خۆی تەرخانکردووە بۆ خزمەتی بانگەوازی ئیسلامی.

ئەمە بوو چیرۆکی جەعفەر، کە بەختەوەری لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دۆزییەوە، بەختەوەری لە پابەندبوون بە فەرمایشتەکانی خودا و پەیامبەر دۆزییەوە، کەچی ئێستاش زۆرێك لە مسولـّمانان وادەزانن، کە بەختەوەرییان دەست ناکەوێت تەنها لە لاساییکردنەوەی جولەکەو گاورەکان نەبێت لە هەموو هەڵسوکەوتێکی ژیانیان، لە خواردن ، جل وبەرگ ، خواردنەوە ، خانوو وئاخاوتن......

سوێند بەخوا بەختەوەری لەوەدایە، کە مرۆڤ باوەڕدار بێت بە خودا وفریشتەکانی و پەرتوکەکانی وپەیامبەرەکانی و ڕۆژی دوایی و قەدەر بەباش وخراپییەوە.

بەختەوەری لەوەدایە، خوداو پەیامبەرەکەیت لە خۆت و دایك وباوکت ومالّ و سامانت خۆشتر بویّت.

بەختەوەری لەوەدایە، مرۆڤ بانگەواز بکات بۆ دینی خودا و قوربانی بدات بۆ رزگار کردنی خەلّك لە تاریکی بۆ نیّو ڕۆشنایی و ڕوناکی ئیسلام.

بەختەوەری ئەنجامدانی مناجاتە، لەگەلّ خودایی گەورە لە سێیەکی کۆتایی شەو.

بەختەوەری لە دەستهیّنانە بەسەری یەتیم و بەخشینی سۆزو خۆشەویستییە پێی، هەروەها لە پێدانی خواردن بە هەژاران و سلاّوکردن و ئەنجامدانی شەونوێژە لەو کاتەی خەلّك خەوتوون.

بەختەوەری لە چاکەکردنە، لەگەلّ دایك و باوك و باش هەلّسوکەوتکردنە لە گەلّ خزم و دراوسیّدا.

بەختەوەری لە ڕووی خۆش و خەندەیە بەرامبەر برای مسولمان وچاکەکردنە بە دەستی ڕاست، بێ ئەوەی دەستی چەپەت پێی بزانێت.

ئەمانە هەمووی لە دونیا بەختەوەریت پێدەبەخشن ئەی بۆ دوارۆژ ئەبێ چۆن بێت ؟

جێف باوەڕی هێنا، چونکە ئەم گەنجانەی بینی کە پابەندبوون بە ئیسلام و لە وڵاتێکی نا مسولمان بانگەوازیان دەکرد.

سوێند بەخوا، ئەگەر نیاز و مەبەستمان خودابێت، ئەوا دەتوانین بە بانگەواز ئەم ئاینە بگەیەنین بەهەموو کوچەو کۆڵانێك، بەڵام بە وازهێنانمان لە بانگەواز ئەوا توشی سەرشۆڕی و بێهێزی دەبین.

ئەی جێبەجێکارانی ﴿ كُنتُم خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ ﴾ و ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِمّن دَعَا إِلَى اللهِ وَعَمِلَ صَالِحَاً وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسلمينَ ﴾ و( (بلغوا عني ولو آية )) لەکوێن.

لەڕۆژی دوایی چۆن وەڵامی پەروەردگار دەدەینەوە، ئەگەر دەربارەیی کەمتەرخەمیمان لە بانگەوازی ئیسلامی پرسیارمان لێبکات ؟

دەڵێین ماڵ وسامان وکار سەرقاڵی کردین !

یاخود دەڵێین، سەیر کردنی یاری سەرقاڵیکردین !

دەڵێین، خواردنەوە و جگەرەکێشان سەرقاڵیکردین !.

دەڵێین، گەڕان بە وڵاتان بۆ ڕابواردن سەرقاڵیکردین !.

چۆن وەڵام دەدەینەوە لەو کاتەی جیهان چاوەڕوانمانە و پێویستیەکی زۆری پێمانە، بەتایبەتیش لەو کاتەی کە جیهان بە بارودۆخێکی سەخت دا تێپەڕدەبێت.

خودای گەورە دەفەرموویت ﴿كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ﴾ آل عمران/110، واتە((بەڕاستی) ئێوە چاکترین ئوممەتێکن کە (بۆ سوودی) خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە ، چونکە فەرمان بەچاکە دەدەن و قەدەغەی خراپە دەکەن و باوەڕی دامەزراوتان بە خوا هێناوە ، خۆ ئەگەر خاوەنانی کتێب باوەڕیان بهێنایە (بە ئاینی ئیسلام) ئەوە چاکتر بوو بۆیان هەیانە ئیماندارن ، بەڵام زۆربەیان گوناهبار و تاوانکارن) ت/ئاسان ....

## دووەم: کاریگەری هاوڕێی خراپ لە زانکۆ.(1)

خوێنەری بەڕێز، دەرگای تەوبەو گەڕانەوە بۆ لای خودا بەردەوام کراوەتەوە، تاوەکو ڕۆژی دوای، زۆر جار دەبینین گەنجێك لە زانکۆ بێ فەرمانی خودا دەکات یاخود بەلاڕێداچووە و هاوڕێیەتی کەسانی خراپ دەکات، دەبێت بەهەموو توانا یەکمانەوە هەوڵی ڕزگار کردنی بدەین لە ئاگری دۆزەخ، نابێت لە بانگکردنی خەڵك بێ ئومێدبین بەڵکو دەبێت کۆڵنەدەین، نابێت ڕقمان لێیان بێتەوە بەڵکو دەبێت دڵمان بۆیان بسوتێت و بەسۆزەوە هەوڵی ڕزگارکردنیان بدەین.

ئەمەی خوارەوە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، کە بەسەر قوتابیەکدا هاتووە بەناوی ڕائید، ئامانجی باسکردنی ئەم چیرۆکە ئەوەیە، دەبێت هەموو هەوڵمان بخەینە گەر بۆ ئەوەی قوتابیان هۆشیار بکەینەوە، بە ناوەڕۆکی ئیسلام و لە دەرەنجامی هاوڕێیەتی کەسانی خراپ ئاگاداریان بکەینەوە و

لە ڕوداوی ئاوا، کە بەشێکی زۆری گەنجانی زانکۆ پێوەی گیرۆدەن ڕزگاریان بکەین بە پشتیوانی خودا ئینشاواللـه.

....پێش ساڵ و نیوێك ڕائید چەند هاوڕێیەکی ناسی، تەنیا گرنگیان بە خۆنواندن، ئارەزووبازی، گەشتوگوزار دەدا.

ڕۆژ بەڕۆژ لەتەمەنی ڕائید تێدەپەڕی، تا وایی لێهات کۆمپیوتەری بردە ماڵەوە و دەستی کرد بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت، هاوڕێیەکانی بەردەوام وێنەی خراپ و ڕوتیان بۆ دەنارد، بەردەوام خەریکی سەیرکردنی شتی بێ ئابڕو بوو ، پێگەی سێکسی نەما نەیکاتەوە و بەژداری تیانەکات ، بەتەواوی نوێژ و پەرستشەکانی لەیاد کردبوو ، ببوون بە یادگاری کاتی خوێندنی ئامادەیی ، چونکە کاتێك لە زانکۆ وەرگیرابوو جگە لە ئافرەتی شەوانە و کەناڵە خراپەکان هیچ شتێکی تری نەدەناسی.

ڕۆژانە سەیری كۆمپیوتەری دەكرد، دەرگای ژورەكەی لەسەرخۆی دادەخست، تاوەكو بانگی بەیانی دەفەرموو ، ئیمان لە دڵیدا دەی وت هەڵسە وەڵامی خودا بدەوە ، بەڵام شەیتان لە ئیمانەكەی بەهێز تربوو.

باوكیشی لە دەرگای ژوورەكەی دەدا.

دەی كوڕم هەڵسە بانگی بەیانیە!

ڕائید: باشە باوكە!

ژیان لە ڕائید بڕابوو، گەنجی وهێزەكەی، لە خۆبایی بوون، دەستی كردن بە تەوبە هەتا كاتێ كۆتایی دێت(مردن).

شەوێكیان كاتژمێر هەشتی شەو، كە خەڵك نوێژی خەوتنانیان دەكرد لە مزگەوتەكەی تەنیشتماڵیان ، ڕائید بە خێرای چوو بۆ ژورەكەی، سیدیە خراپەكەی كردە كۆمپیوتەرەكەی و دەرگای ژوورەكەی كلیل دا، دەستی

کرد بە سەیرکردنیی و دوبارە لێیدەدایەوە ، شەهوەتی زۆر بوو و خوە پیسەکەی کرد و جلەکانی پیس کرد، بۆیە خۆی ڕووتکردەوە شەهوەتەکەی دامرکاندەوە ، لەناکاو چریکەیەك گرتی و دەستی کرد بە هاوار و ئاهە ئاه... بەردەوام.

دایکی ڕاچلەکی و خێرا لە ژووری دانیشتنەکەیەوە هات، ڕائید هاواری دەکرد و دەگرییا، دایکە بمگرە وا دەمرم.

دایکی هاواری کرد باشە دەرگاکە بکەوە ڕۆلە...بیکەرەوە کورڕم.

ناتوانم دایکە.....ناتوانم!

دڵی ڕائید لە لێدان دەوەستا، لەناو قەفەسەی سینگی.

کاتە ناخۆشەکە بوو، هەناسە تەنگ بوون، سور هەڵگەڕان ، ساردبونەوەی لەش، هاوارکردن ، سنگ گەرم بوون ،

گەنجێکی دراوسێیەکەیان دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

لەسەر پەیژەکان دەهاتمە خوارەوە گوێم لە هاواری دایکی ڕائید بوو، بۆیە خێرا چووم بۆ ماڵیان و ویستم دەرگای ژووری ڕائید بکەمەوە بە لام نەمتوانی، هاوارم کرد ڕائید.....ڕائید بەڵام کەس وەڵامی نەدامەوە ، بۆیە منیش بەدایکی ڕائیدم وت دەرگاکە بشکێنم؟

وتی بەڵێ، بەهەموو هێزم شەقێکم لە دەرگاکە دا دەرگاکە بۆوە و بەر سەری ڕائید کەوت کە لەسەر زەوی کەوتبوو، ڕووت بوو و فلیمەکەش هێشتا هەر ئیشی دەکرد، دایکی هاواری کرد ئاە کوڕم .

پاکم کردەوەو بە پارچە قوماشێك داپۆشی و ویستم بزانم هەناسە دەدات بەڵام....... کۆتای پێهاتبوو و گیانی دەرچوو بوو.

( وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ ، إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ ، مَا

يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ، وَجَاءتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَلِكَ مَا كُنتَ مِنْهُ تَحِيدُ ، وَنُفِخَ فِي الصُّورِ ذَلِكَ يَوْمُ الْوَعِيدِ ، وَجَاءتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا سَائِقٌ وَشَهِيدٌ ، لَقَدْ كُنتَ فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَاءكَ فَبَصَرُكَ الْيَوْمَ حَدِيدٌ ، وَقَالَ قَرِينُهُ هَذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ ، أَلْقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ عَنِيدٍ ، مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ مُّرِيبٍ ، الَّذِي جَعَلَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ فَأَلْقِيَاهُ فِي الْعَذَابِ الشَّدِيدِ ، قَالَ قَرِينُهُ رَبَّنَا مَا أَطْغَيْتُهُ وَلَكِن كَانَ فِي ضَلَالٍ بَعِيدٍ ، قَالَ لَا تَخْتَصِمُوا لَدَيَّ وَقَدْ قَدَّمْتُ إِلَيْكُم بِالْوَعِيدِ ، مَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَا أَنَا بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ ، يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ امْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِيدٍ ، وَأُزْلِفَتِ الْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ غَيْرَ بَعِيدٍ ، هَذَا مَا تُوعَدُونَ لِكُلِّ أَوَّابٍ حَفِيظٍ ، مَنْ خَشِيَ الرَّحْمَن بِالْغَيْبِ وَجَاء بِقَلْبٍ مُّنِيبٍ ، ادْخُلُوهَا بِسَلَامٍ ذَلِكَ يَوْمُ الْخُلُودِ ، لَهُم مَّا يَشَاؤُونَ فِيهَا وَلَدَيْنَا مَزِيدٌ ) ق/16-35. واتە ( سوێند بەخوا ئێمە ئادەمیزادمان دروستکردووە و دەزانین چی بە دڵ و دەروونیدا دێت.... ئێمە لە شاڕەگی دڵی لێی نزیکترین ، کاتێك دوو فریشتە چاودێرەکەی ئادەمیزاد کە لەلای ڕاست و چەپیەوە دانیشتون ، (هەموو گوفتار و کردارێکی تۆمار دەکەن بە

دەزگای زۆر پێشکەوتوو ، جا ئادەمیزاد هەر قسەیەکی لە دەم دەردەچێت خێرا چاودێرێکی ئامادە تۆماری دەکات ، ئەی ئینسان: (ساتێك دێت کە ) تەنگانەی مردن و ئازارەکانی یەخەت پێ دەگرێت ، هاورێ لەگەڵ راستی یەکاندا ، ئەوسا پێت دەوترێت : ئا ئەو حاڵە ئەو بەسەرهات و رووداوەیە کە خۆت لێ لادەدوا پەنات لێ دەگرت ، لەوەو دوا فوو دەکرێت بە صوردا ، ئیتر ئەوە رۆژی پێشهاتنی هەرەشەو ئاگادارکردنەوەکانە ، رۆژی قیامەت دێت و هەموو کەسێك دوو کەسی لە گەڵدایە ، یەکێکیان پێش خۆیداوەو دەیگەیەنێت ، ئەوی تریشیان شایەتە بەسەریەوە ، ئەوسا بە یەکە یەکەی بێ باوەران دەوترێت : سوێند بەخوا تۆ لەم بەسەرهاتە بێ ئاگابوویت و گوێی خۆتت لێ خەواندبوو ، ئێستا ئێمە پەردەمان لەسەر چاوەکانت لاداوەو هەموو شتێك وەکو خۆی دەبینیت و ئەمرۆ چاوەکانت لاداوەو هەموو شتێك وەکو خۆی دەبینیت و ئەمرۆ چاوەکانت تیژە.. ، جا

فریشتەی هاوەڵ وچاودێری روو بەپەروەردگار دەڵێت : هەرچی کاروکردەوەی ئەم ئادەمی یە هەیە هەمووی ئەوەتە لای من و یاداشت و تۆمارکردووە ، (دوای لێپرسینەوە ، خوا فەرمان دەدات بە دوو فریشتەکە) هەرچی کافرو بیٚ باوەڕێکی سەرکەش و بوغزن هەیە فڕێی بدەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە... ئەوەی کە هەمیشە بەتوندی قەدەغەی هەموو خێر و چاکەیەکی دەکرد ، مافی پێشێل دەکرد ، خۆی بە گومان بوو ، خەڵکیشی دەخستە گومانەوە... هاوەڵ و شەریکی بۆ خوا بە ڕەوان دەزانی... کەواتە ئێوە هەردوکتان ئەو ئادەمی یە فڕیٚ بدەنە ناو سزای سەختەوە. هاوەڵە شەیتانەکەشی پاکانە دەکات و دەڵێت: پەروەردگارا ، خۆ من لە خشتەم نەبردووە ، من سەرکەشم نەکردووە ، خۆی تاوانبارە ، خۆی لە نێو گومڕایی و سەرلێشێواویەکی دووردا نقووم بوو بوو.

(جا ئەوکاتەی شەیتان و ئادەمیزاد لای خوادا دەبێتە کێشەیان ، خوا بێ دەنگیان دەکات) دەفەرموویێت: شەڕە دەمێ لە لای مندا مەکەن ، بەڕاستی من پێشتر هەڕەشەی هاتنی ئەم ڕۆژەم خستبووە بەرچاوتان و ، پێم ڕاگەیاندبوون.

ئیتر قسەو بڕیاری من ناگۆڕێت و هەڵناوەشێتەوە... من هیچ کات ستەمکاریش نیم لە بەندەکانم. ڕۆژێك دێت بە دۆزەخ دەڵێین: ئایا پڕبوویت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: ئایا کەسی تر ماوە خەڵکی زیاتر نیە؟! لەولایشەوە بەهەشت نزیك خراوەتەوە لە خواناس و پارێزکار و باوەڕداران ، بێ ئەوەی دوور بێت لێیان (پێیان دەوترێت):ئەمە ئەو بەڵێنە بوو پێتان درابوو، بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە زۆر تەوبەکارو خۆپارێزن لە گوناهو نافەرمانی خوا. هەر کەس لە خوای میهرەبان بترسێت و لە پەنهاندا خۆی لە گوناه بپارێزێت و بە دڵێکی بە ئاگا و تەوبەکارەوە بۆ بارەگای

خوا بگەڕێتەوە... (بەو بەختەوەرانە دەوترێت): بفەرموون بچنە ناو بە هەشتەوە لەگەڵ ئاشتی و ئارامی و هێمنیدا ، ئا ئەوە ئیتر ڕۆژی نەمریی و نەبڕاوەیە. هەرچیش داوای دەکەن و حەزی لێ دەکەن بۆیان ئامادەیە تیایدا، زۆر لەوەش زیاترمان لایە) ت/ئاسان.

# سێ یەم: کچێکی تەوبەکار لە بەشە ناوخۆی زانکۆ

چ شتێك لەوە ناخۆشترە ، مرۆڤ لە ژیاندا بێ ئامانج بژییێت ، نەزانێت نهێنی چییە لە دروستبوونی و بۆچی دروستبووە ؟ تەنها بخوا و بخواتەوە و بنوێت ، ئەمە دۆخی ژیانی من بوو پێش ئەوەی خودا بەزەیی پێمدابێتەوە و ڕۆشنایی ئیمانم پێ ببەخشێت.

لەوەتەی خۆم دەناسم لە ماڵێکی خواناس و لە نێوان دایك و باوکێکی خودا پەرست وپارێزگار گەورەبووم ، دایك و باوکم تاکە کەس بوون لە نێو ناسیارەکانمان بە خواپەرست و پاریزگار ناسرابوون ، زۆر جار ناسیارو خزمەکانمان گلەی و لۆمەی باوکمیان دەکرد ، کە ڕێگە نادات گۆڤار و ئامرازی خراپ بێتە ماڵەوە و بە کەسێکی داخراو و ڕەقیان ناو دەبرد، بەڵام هیچ یەکێك لە ووتە و تۆمەتانە کاریگەرییان لەسەر باوکم نەدەکرد.

من پێچەوانەی ئەوە بووم و مسولـمانێکی لاسایکەرەوە بووم ، ڕقم لە ئاین و شوێنکەوتوانی بوو ، ڕقم لە نوێژ بوو ، بەدرێژایی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی تەنیا یەك رکعات نوێژیشم نەکرد ، کاتێکیش باوکم پرسیاری لێدەکردم ، کچم نوێژت کردووە ؟ دەم وت بەڵێ (بە درۆ).

هاوڕێی خراپ کاریگەریەکی زۆری هەبوو لەسەر هەڵدێرانم و تاوانەکانم ، هەموو پێداویستیەکانی خراپەکاریان بۆ ئامادەکردبووم ، گۆڤار و فیلمی ڕووت و گۆرانی خراپ و بێ ڕەوشت بێ ئەوەی باوکم ئاگادار بێت.

لە بارەی جل و بەرگیشەوە من تەنها جل و بەرگی ڕووت و تەنك و تەسکم لەبەر دەکرد کاتێکیش باسی حیجابیان بکردبایەوە ئەوا پێی قەلس دەبووم چونکە نەمدەویست حیکمەت و سودەکانی بزانم.

ڕۆژان تێپەڕی من لەسەر کردەوەکانی خۆم بەردەوام بووم ، تاوەکو قۆناغی ئامادەیم تەواو کرد ، گوندەکەی خۆمانم جێهێشت و بۆ خوێندن لە زانکۆ

و لە بەشی ناوخۆی زانکۆ نیشتەجێ بووم ، لەوێ چەندان هاورێی ترم ناسی ، بەردەوام دەستخۆشیان لێدەکردم و لەسەر گوناه و تاوان هانیان دەدام و دەیانووت : نوێژ بکە وەکو ئێمە پاشان هەرتاوانێك دەکەیت بیکە.

لە لایەکی ترەوە کۆمەڵێك خوشکی خواپەرست و پارێزەر هەبوون ، کە بەردەوام ئامۆژگارییان دەکردم ، هەرچەند ئەوان ئامۆژگارییان کردبام ، من زیاتر عیناد و سوورتر دەبووم لەسەر ئەنجامدانی گوناه و تاوان.

پاشماوەیەك شوێنەکەم گواستراوە بۆ ژوورێکی تر ، هەموو هاورێکانی ئەم شوێنەم کەسانی باڵاپۆش و خواپەرست بون ، خاوەنی شێواز و رێگای جوان بوون بۆ ئامۆژگاریکردن و بەردەوام وتە و قسەی جوانم لێیان بەدی دەکرد ، ئەو ماوەی لەگەڵیان ژیام رۆژێك وتەیەکی ناشیرینم گوێ لێنەبوو ، بەڵکو بەردەوام دەم بە خەندەبوون لەگەڵم و هەموو پێداویستیەکیان بۆ جێ بەجێ دەکردم ، کاتێك بیان زانیایە کە گوێ لە گۆرانی ناشەرعی

ڕادەگرم ئەوا بیٚ ئەوەی هیچ شتێك بلێن لە ژوورەكە دەچوونە دەرەوە ، ئەویش تەنها بۆ ئەوەی دڵم نەیەشێنن ، كاتێك دەچون بۆ نوێژی كۆمەڵ من بەتەنیا لە ژوورەوە دەمامەوە ، بۆیە بەم كارەی من دوو دڵی دایدەگرتن ، منیش هەستم بە شەرم و كەمتەرخەمی دەكرد لە بەرامبەریان چونكە من هەر نوێژم نەدەكرد چ بگات بە نوێژی بەكۆمەڵ.

ڕۆژێكیان نۆرەی من هات لە سەرپەرشتیكردنی ئەو یەكەی تیایدا نیشتەجێبووین ، لە ژوورەكەم دانیشتبوم تەلەفزیۆنم پیٚ كردبوو و گوێم لە گۆرانی گرتبوو ، دەنگی گۆرانیەكەم بەرزكردبوو لەو كاتەدا یەكێك لە هاوڕێیانی ژوورەكەم  هات وتی ئەوە چی یە؟ بۆ دەنگی نزم ناكەیتەوە ؟ پاشان وتی: تۆ ئێستا لە پێگەی بەرپرسیاریت و دەبێت ببیت بە پێشەنگ بۆ كەسانی تر ، نابێت خەڵك ئازار بدەیت بە كارەكانت.

ویستم پێی بلێم کە من گویٚ لە گۆرانی ڕادەگرم و حەزم لێیەتی ، بەڵام ئەو سەیرێکی کردم و وتی نا خوشکم ئەوە هەڵەیە پێویستە لەسەرت هەڵبژێریت یان ڕێگای ڕاست و شوێنکەوتوانی یاخود ڕێگای خراپە و شوێنکەوتوانی ، ناتوانیت بە هەردوو ڕێگاکە دا بڕۆیت و بیکەیت بە یەك.

لە وکاتەدا لە خەوی غەفلەت ڕاچلەکیم و دەستم کرد بە بەخۆدا چوونەوە ، بڕیارم دا بە پیشاندانی نمونەیەکی زیندوی ئیسلام و هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی بە ڕێباز و ئامرازی جوان ، گەڕامەوە بۆ لای خودا و تەوبەم کرد.

ئێستاش سوپاس بۆ خودا یەکێکم لە وکچە بانگخوازانەی کە وانە و کۆڕ و وتار پێشکەش دەکەن و تەئکید دەکەمەوە کە بانگەواز واجبەو گرنگترین شتیش بریتی یە لە هەڵسوکەوت و خوڕەوشتی بانگخواز .... خودا پشتیوانمان بێت.

خودای گەورە لەوانەمان بژمێرێت کە  خۆشی دەوێن وشوێنکەوتەی ڕێنماییەکانی ئەون ، لەوانەمان بژمێرێت کە شوێنکەوتەی سونەت وڕێبازی پەیامبەر محمد (صلى الله عليه وسلم) ن ، هەروەها لەوانەمان بژمێرێت کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی بانگەوازی ئیسلامیی و گەیاندنی پەیامی ئیسلام بە گشت خەڵك.

# قوتابخانەیەك لـە ئەمەریكا:




ئەمە وێنەی قوتابخانەیەکە لە ولایەتی ئیلینۆی لە ئەمەریکا

قوتابخانەیەکی دوانزە پۆلیە نزیکەی 638 قوتابی تێدایە ، لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن ، هەر لە باخچەی ساوایانەوە تاوەکو پۆلی دوانزدە ،

پۆشاکی فەرمی لەم قوتابخانەیە حیجابە ، تا پۆلی شەش بە شێوەی اختیاریە ، بەڵام دواتر دەبێتە ئیلزامی.



قوتابیانی پۆلی دووەمی سەرەتای، ڕاهێنان لە سەر خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دەکەن.

ئەم قوتابخانەیە پابەندە بەگشت پرۆگرامەکانی قوتابخانەکانی ئەمەریکا ، جگە

لەوەی لە هەفتەیەکدا سێ جار زمانی عەرەبی دەخوێنن ، دوو جاریش قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) و سیرەی پەیامبەر (صلى الله عليه وسلم) دەخوێنن.



**تاوەکو پۆلی شەشی سەرەتایی کچ و کورِ دەتوانن بەیەکەوە یاری بکەن ،**

**بەڵام لە پۆلی شەشەوە بە دواوە یاری کردنی کچ و کورِ قەدەغەیە**



**کچان لە یاریگای قوتابخانە بە پۆشاکی فەرمی یاری دەکەن**



لە کاتی نوێژ دەوامی ڕەسمی لە قوتابخانە دەوەستێت

# داهاتووی ئیسلام و بانگەوازی ئیسلامی

داتا و ڕاپرسی و و لێکۆلەرەوانی بواری ئاینی لە جیهان ئەو ڕاستیە دەردەخەن ، کە ئاینی ئیسلام خێراترین ئاینە لە جیهان ، لە ڕووی بلاوبوونەوە ، زۆرترین خەلك لەم سالانەی دوای بونەتە مسولمان ، ریژەی زۆری مسولمانان گەنجن.

گەواهی هاتنەدی بەلێنی خودا و هەوالی پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) بۆ مسولمانان دەخەنە ڕوو کە بەر لە 1400 سالْ ڕایانگەیاندووە ، لێرەدا لە چەند فەرمودەیەك بەشێکیان دەیخەینە ڕوو:

1- پەیامبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموویێت: ( تكون النبوة فيكم ما شاء الله أن تكون ، ثم يرفعها الله إذا شاء أن يرفعها، ثم تكون خلافة على منهاج النبوة ، فتكون ما شاء الله أن تكون ، ثم يرفعها إذا شاء أن يرفعها ، ثم تكون ملكاً عاضاً ، فيكون ما شاء الله أن يكون ، ثم

يرفعها إذا شاء الله أن يرفعها ، ثم تكون ملكاً جبرياً ، فتكون ما شاء الله أن تكون ، ثم يرفعها إذا شاء أن يرفعها ، ثم تكون خلافة على منهاج النبوة) رواه أحمد.

2- خودایی گەورە دەفەرموویێت (هُوَ الَّذِي أَرْسَلَ رَسُولَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ لِيُظْهِرَهُ عَلَى الدِّينِ كُلِّهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُشْرِكُونَ ) الصف/9 ،

واتە(هەر ئەو خوایە ، پێغەمبەرەکەی خۆی ڕەوانەکردووە هاوڕێ لەگەڵ هیدایەت و ڕێنموویی و ئاینی حەق و ڕاستیدا ، تا سەری بخات بەسەر هەموو ئاین و بەرنامەکاندا ، هەرچەندە موشریك و هەواڵگەڕان پێیان ناخۆش بێت) ت/ئاسان.

3- پەیامبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموویێت: (ليبلغن هذا الأمر ما بلغ الليل والنهار ولا يترك الله بيت مَدَرٍ ولا وبر إلا أدخله الله هذا الدين بعز عزيز أو بذل ذليل ، عزًّا يعز الله به الإسلام وذلاً يذل به الكفر) رواه الإمام أحمد.

4- پەیامبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموویّت: ((إن الله زوى لي الأرض فرأيت مشارقها ومغاربها وإن أمتي سيبلغ ملكها ما ُزوي لي منها)) رواه مسلم.

بێباوەڕان ، دڵنیان لەوەی بەڵێنی خوداو پەیامبەرەکەی دێتە دی ، بۆیە بە هەموو هێزێکی ماددی و مەعنەوەی دژایەتی خۆیان ڕاگەیاندووە ، بە هەموو توانایەکەوە دژایەتی شوێنکەوتوانی دەکەن و دەیانچەوسێننەوە ، هەموو هێزێکیان دەخەنەگەر بۆ بەرگرتن لە بڵاوبونەوەی ، لە هەرشوێنێك بزانن بانگەوازی ئیسلامی پێشکەوتووە و مسوڵمانان یەکیان گرتووە ، ئەوا هەوڵی لەناوبردن و لێکترازانی دەدەن.

لەلایەکی ترەوە ، زانا و ڕۆشنبیر و ڕۆژهەڵاتناسەکانیان ، دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە سەر ئیسلام ، گەیشتونەتە ئەو ڕاستیەی ، کە لەناوچونیان نزیکبۆتەوە لەسەردەستی گەشانەوەی ئەم نەوە نوێیەی ئیسلام

، هەروەها ئاشنابوون بە ڕۆح و ناوەڕۆکی ئیسلام وئەوهێزە شاراوەیەی ناخی مرۆڤی باوەڕدار.

بەکورتی بەشێك لە قسەکانیان دەهێنینەوە بۆ ئەوەی بزانین چۆن و چ مەترسیەکیان لە ئیسلام و مسولّمانان هەیە :

(بین جۆریۆن یەرتەجف)ی یەکەم سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ترسی لە سۆشیالیست و دیموکراتی و شۆڕشگێڕان نیە لە ناوچەکە بەلّکو تەنها ترسی لە ئیسلامە چونکە ئیسلام ڕۆژێك دادێت دووبارە سەرهەلّدەداتەوە

(نحن لا نخشى الاشتراكيات ، ولا الثوريات ، ولا الديمقراطيات في المنطقة ، نحن فقط نخشى الإسلام، هذا المارد الذي نام طويلاً ، وبدأ يتململ من جديد)

(شعیا بومان) ی نوسەری یەهودی مەترسی خۆی لە دووبارە بەهێزبوونەوەی ئیسلام بۆ ئەوڕوپا دەخاتە ڕوو و بڕوای وایە کە ئەو ئاینەی لە مەککە سەری هەلّداوە بەردەوام لە زیادبوونە و هەرگیز کەمی

نەکردووە ، هەروەها دەڵێت ئیسلام تەنها ئاینێکی سادە نیە ، چونکە یەکێك لە ڕوکنە سەرەکیەکانی ئیسلام بریتی یە لە جیهاد (إن على أوربا أن تظل خائفة من الإسلام ، ذلك الدين الذي ظهر في مكة ، لم يضعف من الناحية العددية ، بل هو في ازدياد واتساع ، ثم إن الإسلام ليس ديناً فحسب ، بل إن من أهم أركانه الجهاد ، وهذا ما يجب أن تتنبه له أوربا جيدًا)

(شاتلی) ڕۆژهەڵاتناس ڕێگای ڕووبەڕوبونەوە لە گەڵ ئیسلام دەخاتەڕوو ، ئەویش بە کوشتنی ئەو بەرزی و شکۆیەی لە ناو ناخی گەنجانی مسوڵماندایە کە شانازی بە باپیرانیان دەکەن و شانازی بە قورئانی پیرۆز دەکەن (إذا أردتم أن تغزو الإسلام، وتخضوا شوكته، وتقضوا على هذه العقيدة التي قضت على كل العقائد السابقة واللاحقة لها، والتي كانت السبب الأول والرئيسي لاعتزاز المسلمين وشموخهم، وسبب سيادتهم وغزوهم للعالم، عليكم أن توجهوا جهود هدمكم إلى نفوس الشباب المسلم والأمة الإسلامية بإماتة روح الاعتزاز بماضيهم، وكتابهم القرآن، وتحويلهم عن كل ذلك بواسطة نشر ثقافتكم

وتاريخكم، ونشر روح الإباحية، وتوفير عوامل الهدم المعنوي، وحتى لو لم نجد إلا المغفلين منهم والسذج البسطاء لكفانا ذلك، لأن الشجرة يجب أن يتسبب لها في القطع أحد أغصانها)

مێژوو نوسی هاوچەرخی بەریتانی ئارنۆڵد توینب (Arnold Toynbee)

هەمان بیرۆکەی ئەوانەی پێش خۆی هەیە و دەڵێت ڕاستە یەکبونی ئیسلامی خەوتووە بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ڕۆژێك دێت خەوتوو لە خەو هەڵدەستێت ، ئاماژە بە و سەرکەوتنە مێژوویانە دەکات کە مسوڵمانان بەسەر ڕۆژئاوا ئەنجامیانداوە و بونەتە ڕەمز ونیشانەی سەرکەوتنی ڕۆژهەڵات بەسەر ڕۆژئاوا ، ئەوانیش لە سەردەمی دوای پەیامبەر(صلی الله علیه وسلم) بوون ، کاتێك شام و میصر ئازادکران ، هەروەها سەردەمی صەڵاحەددینی ئەیوبی لە جەنگی خاچ پەرستەکان:

(صحيح أن الوحدة الإسلامية نائمة، ولكن يجب أن نضع في حسابنا أن النائم قد يستيقظ إذا ثارت البروليتاريا العالمية للعالم

المتغرّب ضد السيطرة الغربية، ونادت بزعامة معادية للغرب، فقد يكون لهذا النداء نتائج نفسانية لا حصر لها في إيقاظ الروح النضالية للإسلام، حتى ولو أنها نامت نومة أهل الكهف، إذ يمكن لهذا النداء أن يوقظ أصداء التاريخ البطولي للإسلام. وهناك مناسبتان تاريخيتان كان الإسلام فيهما رمز سموّ المجتمع الشرقي في انتصاره على الدخيل الغربي: ففي عهد الخلفاء الراشدين [رضي الله عنهم]، بعد الرسول [صلى الله عليه وسلم] حرّر الإسلام سوريا ومصر من السيطرة اليونانية التي أثقلت كاهلهما مدة ألف عام تقريبًا. وفي عهد (نور الدين) و(صلاح الدين) و(المماليك) احتفظ الإسلام بقلعته أمام هجمات الصليبيين والمغول. فإذا سبّبه الوضع الدولي الآن حربًا عنصرية ، يمكن للإسلام أن يتحرك ليلعب دوره التاريخي مرة أخرى).

(مسیۆ مونتێت Montet ی مامۆستای زمانە ڕۆژهەڵاتیەكان لە زانكۆی

(جنێف) باس لە هۆكاری بڵاوبونەوەی زۆری ئیسلام لە ئەفەریقیا دەكات

و دەڵێت:

(إن أكثر انتشار الإسلام في أفريقيا فهو يتقدم فيها تقدمًا سريعًا وينجح نجاحًا كليًا لأن أزر المسلمين فيها مشدود بما لهم من المكنة في الجهة الشمالية. فلا ينازع الدين الإسلامي دين غيره لذلك يكثر عددهم وينمو الدين على الدوام).

ئەمە بەشێك بوو لە قسەی نوسەرەکانیان ئێستا با لە سنوری قسە بچینە دەرەوەو بێینە سەر واقیع و باسی ئەو ژمارانە بکەین کە دەزگاو سەنتەرەکانی خۆیان ڕایانگەیاندووە.

لە نوێترین لێکۆڵینەوە دەزگای ( پیۆ) PEW ی ئەمەریکی بۆ لێکۆڵینەوەی لە ڕەوشی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە ساڵی 2012 ئەنجامیداوە ، ئەوە دەردەخات کە بەڵێنەکان نزیکبونەتەوە و مەترسی بێباوەڕەکانیش خەریکە دەبێت بە ڕاستی .

بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەران و ڕونکردنەوەی زیاتری باسەکەمان ، چەند لایەنێکی دەخەینە ڕوو.

ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی 6.9 ملیار کەسە و لەم ژمارەیە 84٪ ی شوێنکەوتەی ئاینە ئاسمانیەکانن کە دەکاتە 5.8 ملیار کەس.

بەپێی لێکۆڵینەوەکە ئاینی مەسیحی زۆرترین شوێنکەوتەی هەیە و ڕێژەی 31.5٪ دانیشتوانی جیهان پێك دەهێنێت ، ئاینی پیرۆزی ئیسلام پلەی دووەمی گرتووە و 23.2٪ دانیشتوانی جیهان پێك دەهێنێت ، لە بەرامبەردا ئاینی جولەکە کەمترین کۆمەڵەی ئاینیە و ڕێژەکەی 0.2٪ تێپەڕناکات و ژمارەیان 14 ملیۆن کەس دەبێت لە جیهان.

لە لێکۆلینەوەکەی دەزگای پیو ی ئەمەریکی داهاتووە کە لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژەی مسوڵمانان 1.6 ملیار کەس واتە 23.2٪ یە بەڵام بەرز بونەوەی بەردەوام بەخۆیەوە دەبینێت بەبەراورد بە گەشەسەندنی دیمۆگرافی دانیشتوان.

هەروەها لە لێکۆلینەوەکە دا هاتووە کە فراوانبوونی ئیسلام لە جیهان زۆر خێراترە ئەگەر بێتو بەراوردبکرێت بە ئاینەکانی تر ، تەنانەت هەندێکیان ڕێژەکەیان کەم دەکات ، بۆ نمونە ئاینی مەسیحی کە ڕێژەکەی 31.5٪ بەر لە چەند ساڵێك ڕێژەی 35٪ ی دانیشتوانی زەوی بوو.

لە لێکۆلینەوەکەدا باسی بەرزبوونەوەی ڕێژەی مسوڵمانانی کردووە بە ڕێژەی 35٪ لە 20 ساڵی داهاتوو ، لە ساڵی 2010 ژمارەی مسوڵمانان 1.6 ملیار بوو و لە ساڵی 2030 دەگاتە 2.2 ملیار کەس.

ئەمەش بەڵگەی زیادبوونی خێرای ژمارەی مسوڵمانانە ، تەنانەت ئەگەر بەراوردبکرێت بە ڕێژەی ساڵانەی زیادبوونی دانیشتوان لە ناو مسوڵمانان 1.5٪ کەچی لە ناو نامسوڵمانان ڕێژەکە 0.7٪ یە.

بە مشێوەیە لەساڵی 2030 ژمارەی دانیشتوانی زەوی دەبێتە 8.3 ملیار کەس و ڕێژەی مسوڵمانان لەم ژمارەیە دەبێتە 26.4٪.

بەپێ ی لێکۆلینەوەکە تەمەنی مامناوەندی مسولّمانان لە هەموو ئاینەکانی تر کەمترە واتە زۆربەی مسولّمانان و تازە مسولّمانان گەنجن بەجۆرێك کە:

تەمەنی مامناوەند لە جیهان 28 سالّیە.

زۆربەی کۆمەلّە ئاینیەکانی تر تەمەنی مامناوەندیان پیریە.

تەمەنی مامناوەندی مەسیحیەکان 30 سالّە.

تەمەنی مامناوەندی جولەکەکان 36 سالّە.

کەچی تەمەنی مامناوەند لای مسولّمانان لە 23 سالّ تێپەڕناکات.

پێچەوانەی ئاینەکانی تر ئاینی ئیسلام لە ڕووی جوگرافیەوە لە هەمووان زیاتر فراوانە ، بە پێی لێکۆلینەوەکە 73٪ ی مسولّمانان زۆرینەن لە 49 ولّات ، ڕێژەکەی تر کە دەکاتە چارەکی مسولّمانان وەکو کەمینە لە ولّاتانی تر دەژین و هیچ ناوچەیەك نیە کە مسولّمانان نەناسن.




ڕێژەی مسوڵمانان لە جیهان

**خوێنەری خۆشەویست: ئەم وتە وداتایانەی سەرەوە ڕاستی ئەوەمان پێدەڵێن ، کە جیهان بەرەو ئیسلام هەنگاو دەنێت و تاکە پەیامیش بۆ ڕزگارکردنی جیهان ، بریتییە لە پەیامی ئیسلام ، هەروەها دەریدەخەن کە داهاتوو بۆ**

ئیسلامە ، تەنها ئەوە دەمێنێتەوە کە ئێمە کۆڵنەدەین و هەوڵبدەین بەربەستەکانی بەردەممان بە دانایی بەڕێبکەین.

کۆتایی باسەکە بە وتەی سیاسی و ڕۆژنامەنوسی هیندی گابا lal gaba دەهێنین ، کە دەڵێت (هیچ ئاینێکی تر وەکو ئاینی ئیسلام نیە توانای چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی خەڵکی هەبێت لەم ڕۆژگارەدا ، بەڵکو ئەمە تەنها لە ئیسلامدا هەیە.)

# ناوەرۆك

سوپاس و پێزانین

پێشکەشە بە

پێشەکی

تێبینی

پێناسەی بانگەوازی ئیسلامی

بانگەوازی ئیسلامی لە رووی زمانەوانیەوە.

بانگەوازی ئیسلامی لە رووی دەستەواژەوە.

گرنگی بانگەوازی ئیسلامی لە زانکۆ و پەیمانگاکان

گەورەیی ، و پلەو پایەی بانگەوازی ئیسلامی لە زانکۆ و پەیمانگاکان

حوکمی بانگەوازی ئیسلامی لە زانکۆ و پەیمانگاکان

بۆچی بانگەواز لە زانکۆ و پەیمانگاکان

ڕۆلی هاوەڵە گەنجەکانی پەیامبەر (صلى الله عليه وسلم) لە بانگەوازدا

بنەماکانی بانگەواز لە زانکۆ و پەیمانگاکان

بابەتی بانگەواز

بانگخواز

بانگکراو

ڕێبازی و ئامرازەکانی بانگەواز

ڕێبازەکانی بانگەواز لە زانکۆ و پەیمانگاکان

ئامرازەکانی بانگەواز لە زانکۆ و پەیمانگاکان

بانگەوازی تاکی.

بانگەوازی بە کۆمەل.

چەند خاڵێکی گرنگ لە بانگەوازی ئیسلامی

گومانەکانی پێش کاری بانگەواز

پێشنیارو ڕاسپاردەکان بۆ بانگەوازی ئیسلامی لە زانکۆ و پەیمانگاکان.:

چەند چیرۆکێکی ڕاستەقینە:

یەکەم: بچوکترین قوتابی کە ماجستێری بەدەستهێنا بوو بە بانگخواز

دووەم: کاریگەری هاوڕێی خراپ لە زانکۆ.

سێ یەم: کچێکی تەوبەکار لە بەشە ناوخۆی زانکۆ.

داهاتووی ئیسلام و بانگەوازی ئیسلامی

سەرچاوەکان

ناوەڕۆك

لە کۆتاییدا هیوادارم کە :

لە بوونی کەم وکورییەکان ئاگادارمان بکەنەوە ، و ڕەخنە و

پێشنیارەکانتان لە ڕێگەی ئەم ناونیشانە بۆمان بنێرن :

Engasaad86@gmail.com

واخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمين